دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥٧، هەینی ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی سێپتامبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com



■ ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی خولێکی دیکەی سیاسی بۆ پێشمەرگەکان بەڕێوە چوو ٢

■ بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو ٢

■ ٢١ی خەرمانان ڕۆژی پێکەوەبوون و بەرخۆدانی نەتەوەیی ٣



٧٤ ساڵ خەبات لە پێناو مافی نەتەوایەتیی، ئازادی، دادپەروەریی ٤



چاوخشاندنێک بە پێگە و هێزی وڵاتان لە ئاستی جیهانیدا ٦



کۆماری ئیسلامی هێزێکی ڕووت و نارەوا کۆمەڵایەتی ٨



هەوڵە بێئەنجامە دیپلۆماسییەکان ئێرانی بەرەولێکترازان بردووە! ١٠


## پەیڤ

### خوێنی هاوبەش

**کەریم پەرویزی**

خوێنـی وەکـوو یـەک، یـان بەواتایەکـی دیکـە جـۆری خوێنـی نزیـک لـە یەک، وەکوو پێناسە و پێوەرێک بۆ نزیکایەتیی مرۆڤەکان باسی لێ دەکرێ.

بـۆ وێنـە لـە کەلتـووری کوردەواریـدا کاتێـک بـاس لە کەسێکی کـە لەباری بنەماڵەییـەوە نزیـک لـەو کەسـەیە کـە قسـەی لەسـەر دەکا، دەڵـێ لـە خوێنـی خۆمـە، یان هاوخوێنیـن. ئەم «لە خوێنی خۆمـە» یـان هاوخوێنییـە بـەو واتـا و ئاماژەیـە بـەکار دەبـرێ کـە زۆر نزیکـن لەیـەک و پێوەندییەکـی کۆمەڵایەتیـی نزیکیان پێکەوە هەیە.

باسـی هاوخوێنـی و لەخوێنـی یەکتـر بوون، گەیشـتۆتە باسـی پێناسـەی نەژاد و نەتـەوەش. لێکۆڵینـەوە و لێوردبوونەوە و تاقیکاریی زۆر کراوە کە خوێنی هاوشێوە و نزیـک لەیـەک چ کاریگەرییەکـی لەسـەر جەسـتە و سـیما و هەڵسـوکەوتی مرۆڤـەکان هەیـە و نـەژادی جیـاواز لـە چیـدا جیـاوازن و لەنێـو گرووپەکـەدا چ هاوشێوەبوونێکی خوێنییان هەیە.

هـەر لـەم پێوەندییەشـدا تیـۆری تایبـەت لەسەر نەتەوە و پێناسەی نەتەوەیی هاتۆتە ئـاراوە و یەکێـک لـە فاکتۆرەکانـی نەتەوەبوونـی کۆمەڵێـک مرۆڤیـان بـە فاکتـۆری خوێـن بەسـتۆتەوە کـە لەباری ژێنێتیـک و شـێوازی خوێنییەوە هاوشێوە و لێک نزیک بن.

یەکێکـی دیکـە لـە تیۆرییەکانـی نەتەوەبوونیان بە خەبات و ئیرادەی خەڵک بەسـتۆتەوە کە هەر گەلێک کە ئیرادەی هاوبەشـیان هەبێ و لەپێناوی ئـەو ئیرادە هاوبەشـەدا خەبـات بکـەن، لـە ڕەوتێکـی مێژووییدا پێناسـەیەکی نەتەوەیی دەگرنە خۆ.

گـەر دێینە سـەر کـورد، کاتێک ئاوڕ لە هەمـوو ڕابردووەکـەی دەدەینـەوە و فاکتـۆرە جۆربەجۆرەکانـی هەڵدەسـەنگێنین، دەگەیـن بەو ئاکامـەی کە بەپێی هەمـوو ئـەو فاکتەرانـە، نەتەوەیـەک جیـا لـە هەمـوو نەتەوەکانـی دیکـە و پاژێـک لە نەتەوەیەکـی دیکـە نییـە، بەڵکـوو خۆی نەتەوەیەکـی جیـاواز و بـە تایبەتمەندیـی نەتەوەیی خۆیە.

یەکێـک لـە فاکتـۆرە هەرەگرنگەکانیش کـە لەوبـارەوە نەتەوەبوونـی کـورد دەسەلمێنێ، فاکتۆری خوێنە.

ئێسـتە گـەر لـە فاکتـۆری نەژادیـی زۆر ورد نەبینـەوە و زۆر قووڵـی بـۆ ڕۆنەچیـن، لەوێشـدا هـەر کـورد خـاوەن خوێنـی تایبەتـی خۆیـە کـە پارامێتـرە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# گەمارۆکان بەردەوام دەبن!



یەکێـک لـە وتەبێژانـی کۆشـکی سپی ڕیکەوتـی ١٤ی خەرمانـان لـە توێتێکـدا ڕایگەیانـد: دانڵـد ترامـپ سـەرکۆماری ئامریـکا لـە پێوەندییەکـی تێلێفۆنیـدا لەگەڵ ئێمانۆئیلڵ ماکرۆن، سەرکۆماری فەڕانسـە پێداگـر بـووە لەسـەر ئەوەیکـە گەمـارۆکان بـۆ سـەر ئێـران وەک خۆیان دەمێننەوە و هەڵناوەشێندرێتەوە!

جاد دیر لەم توێتەدا ئاماژەی بەوە کردووە کـە ترامـپ و ماکرۆن لەسـەر ئـەو خاڵە کۆدەنگـن کـە پێویسـتە پێش بـە هەوڵ و چالاکییـە تێکدەرانەکانـی ئێـران بگیرێت کـە بـە هەمـوو شـێوازێک هـەوڵ دەدات ئازادییـە بازرگانییـەکان بەتایبـەت لـە کەنداو بخاتە مەترسییەوە.

ناوبـراو تەئکیـدی کردووەتەوە کە ترامپ وتوویەتی: لە ئێسـتەدا بە هیچ شێوەیەک گەمارۆکان هەڵناوەشێنەوە.

ئـەم هەواڵـە لـە کاتێکـدا بـڵاو کراوەتەوە کـە حەسـەن ڕوحانـی سـەرکۆماری ڕێژیمـی تـاران ڕۆژی چوارشـەممە باسـی لـە «هەنـگاوی سـێهەم» لەمـەڕ کەمکردنەوەی بەڵێنەکانی بەرجام لەلایەن ئێرانـەوە کردبـوو. هـاوکات جـەواد زەریف لـە نامەیەکـدا بـۆ فێدریکا مۆگرینـی بەرپرسـی سیاسـەتی دەرەکـی یەکیەتیی ئۆرووپا باسی لەم دژکردەوە نوێیەی تاران کردبوو.

ئـەم مەسـەلەش دژکـردەوەی تونـدی یەکیەتیـی ئۆرووپـا و بەشـێک لـە لێپرسراوانی ئۆرووپایی لێکەوتەوە؛

«گینـز فووندێرموول» وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسـە لەمبارەوە ڕایگەیانـد: ئێران دەبێ لـە هـەر هەنگاوێـک کـە بەپێچەوانـەی بەڵێنییەکانـی نێو بەرجامە خۆی ببوێرێ.

هەروەهـا وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیـا ئاشـکرای کـرد کـە گەڵاڵـەی ئێـران بۆ هەڵپەساردنی بەرجام و خاڵەکانی جێگەی نیگەرانییە و قازانجی لێ ناکات.

کۆمـاری ئیسـلامی تـا ئێسـتە لـە سـێ قۆناغـدا خاڵەکانـی نێو بەرجامی پێشـێل کـردووە و ئەمـەش نیگەرانـی جیهانـی لێکەوتۆتەوە.

## کەلێنی چینایەتی لە ئێران زیاد دەبێ و کەم نابێ!

بەپێی نوێتریـن ئاماری ناوەندیی ئاماریی ڕێژیـم سـاڵی ٩٧ی هەتـاوی زۆرتریـن ڕێـژەی کەلێنـی چینایەتـی لـە ئێران لە پاش ساڵی ٨٩ی هەتاوییەوە تۆمار کرا.

لـە ڕاپۆرتـی ناوەندیـی ئاماریـی ڕێژیمدا هاتووە: «زەریبی جینی» ئێران لە سـاڵی ڕابـردوودا ٤٠٩٣/٠ یەکـە بـووە کـە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتری ٠/٠١١٢ یەکە زیادی کردووە.

زەریبـی جینـی بـۆ هەڵسـەنگاندنی ڕێژەی دابەشکردنی سامان و دارایی لە کۆمەڵگەیە کە لەسەرەوەبوونی ئەم زەریبە دەری دەخـات، لـەو کۆمەڵگایـەدا ڕێژەی کەلێنـی چینایەتی و نایەکسانی داهات لە سەرێیە.

بەپێـی ئـەم ئامـارە لـە سـاڵی ڕابـردوودا قەیرانـی ئابـووری و هەڵاوسـان زۆرتریـن خەسـاریان لـە گرووپـە کەمداهاتەکانـی کۆمەڵـگا گەیانـدووە و توێـژە خۆشبژێوەکانی ئێـران قازانجێکی زۆریان کـردووە و بەکوورتـی دەوڵەمەنـدەکان دەوڵەمەندتر بوون و هەژارەکانیش هەژارتر.

بەپێـی ڕاپۆرتـی ئاماژەبۆکـراو لـە کاتی هاتنەسـەرکاری ڕوحانییـەوە تـا ئێسـتە بـەردەوام ئـەم زەریبـە زیـادی کـردووە و دۆخـی ژیانـی خەڵکانـی ئێـران خراپتـر بـووە و سـاڵ لەگەڵ سـاڵ چینـی هەژار و دەوڵەمەنـد زیادیـان کـردووە و توێـژی مامناوەنـدی کۆمەڵگـە بـەرەو زیاتـر داڕووخان هەنگاویان ناوە.

## ئامریکا ناوەندی «هەوا فەزا»ی ئێرانی تەحریم کرد

وەزارەتـی دەرەوەی ئامریـکا گەمـارۆی نوێـی لـە دژی بەرنامەکانـی «هـەوا فـەزا»ی ڕێژیمـی ئێرانـدا سـەپاند. ئـەم گەمارۆیانـە، «ڕێکخـراوی فەزایـی ئێـران، ناوەنـدی توێژینەوەی هـەوا و فەزا و ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی فەزایـی ئێران» لەخۆ دەگرێتەوە.

بەپێـی ڕاپۆرتـی هەواڵدەریـی «ڕۆیتێرز»، وەزارەتـی خەزێنەداریـی ئامریـکا، ڕۆژی سێشـەممە، ١٢ی خەرمانان، ڕایگەیاندووە کـە بە مەبەسـتی ئەوەی گوشـاری زیاتر بخاتـە سـەر ڕێژیمـی ئێـران، ڕێکخـراوی فەزایـی ئێران، ناوەنـدی توێژینەوەی هەوا و فـەزا و ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی فەزایی دەخاتە نێو لیستی گەمارۆکانەوە.

ئـەم بڕیـارەی ئامریـکا چەنـد ڕۆژ دوای ئـەوەی کـە ڕێژیمـی ئێران لە هاویشـتنی مووشەکێکی «ماهوارەهەڵگر» شکستی هێنا، ڕاگەیەندرا.

لـەم پەیوەندییـەدا «مایـک پۆمپێئـۆ»، وەزیـری دەرەوەی ئامریـکا، جەختـی کـردەوە: «واشـنتۆن ئیجـازە بـە ڕێژیمـی ئێـران نادات کە لـە بەرنامە فەزاییەکانی خۆی بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی مووشـکی بالستیک کەڵک وەربگرێت».

بەم پێیە، ئەو کەسانەی کە ڕەگەزنامەی ئامریکایـان هەیـە یـان لـەو وڵاتـەدا نیشـتەجێن، لـە ئەگـەری ئـەوەی کـە پەیوەندییـان لەگـەڵ بەرنامـەی فەزایـی ئێراندا هەبێت، بە تاوانبار دەناسرێن.

ئامریـکا پێشـتر ڕایگەیاندبـوو کـە سیاسـەتی ئامریکا دژ بە چەکی ناوکی و دروسـتکردنی مووشـەکی بالسـتیکیی ڕێژیمی ئێران توندتر دەبێتەوە و گەمارۆی زیاتر دەخاتە سەر ئێران.

# ناوەندی هاوکاری: دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە ڕقی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا نوقم دەبێت

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ۳۱ی ئاگوستی ۲۰۱۹ی زایینی، بەرابەر لەگەڵ ۹ی خەرمانانی ساڵی ۱۳۹۸ی هەتاوی، بە میوانداریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و سەرپەرستیی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، «عەبدوڵڵا موهتەدی»، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. ئەم کۆبوونەوە بە بەشداریی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «عومەر ئیلخانیزادە» سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، «مستەفا مەولوودی» سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و «عەبدوڵڵا موهتەدی» سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەدا چەندین باس و تەوەری گرنگی سیاسیی پێوەندیدار بە ناوچەکە بەگشتی و ئێران بەتایبەتی، گفتوگۆی لەسەر کرا و وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا، بەشداربووان هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان بە ئاگاداری یەکتر گەیاند. لایەنەکانی بەشدار لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران



سەرجەم هاوڕا بوون کە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بە خولقاندنی قەیران، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لەنێو ڕق و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا نوقم دەبێت و کۆمەڵانی خەڵک لەوپەڕی ناڕەزایەتی و بێزاری لەو ڕژیمە، بە خەباتی جەماوەری و مەدەنی لێی هاتوونەتە پێش و هەموو دیاردەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسی و لە بواری مەشرووعییەتی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتیدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کزی و لاوازی دەڕوات. تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە چاوخشاندنێک بوو بە سەر کار و ئەرکەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کە وێڕای

هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی ئەم ناوەندە و کاردانەوەی لەسەر خەباتی گشتی و هەروەها یەکگرتوویی خەباتی سیاسی و جەماوەری لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، بە پێویست زانرا. لە دەوری داهاتوودا ئەم ناوەندە ئاستی چالاکییەکانی بۆ وڵامدانەوە بە پرسە گشتییەکان و هەروەها هاوئاهەنگیی زیاتر لە نێوان حیزبەکان و خەباتکارانی نێوخۆ و بزووتنەوە جەماوەرییەکان، پەرە پێبدات و لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتیی ئەم بزووتنەوەیە بکات. وڵامدانەوە بەو ئەگەرانەی کە پێدەچێت لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکانی ئێران و ناوچەکە، حیزبەکانی کوردستانی

ڕۆژهەڵات، ڕووبەڕووی ببنەوە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەی سکرتێری گشتیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بوو. لەو تەوەرەدا هەموان ڕای خۆیان لەوبارەیەوە خستەڕوو کە چۆن بتوانن لە ئەگەری هاتنەئارای هەلومەرجی نوێ، ڕەوتی خەبات بەرەو پێش بەرن و لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد لە دەرفەتەکان کەڵکی پێویست وەربگرن. بەم مەبەستە لەسەر هاودەنگی، یەکگرتوویی هەرچی زیاتری حیزبەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران جەخت کرایەوە. لە کۆتایی ئەم دیدارەدا چەند بابەت بۆ کار و چالاکی و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسە سیاسییەکان بڕیاریان لەسەر درا تا لە داهاتوودا بچنە بواری جێبەجێکردنەوە. کۆبوونەوەکە دوای چەند کاتژمێر گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە کەش و هەوایەکی دۆستانە و هاودەنگ کۆتایی پێهات و لە لایەن هەیئەتی خانەخوێ میوانەکان بەڕێ کران.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۹ی خەرمانانی ۱۳۹۸ی هەتاوی**

# حیزبی دێموکرات و پارتی پێشڤەڕۆ دیدارێکیان پێک هێنا



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی پارتی پێشڤەڕۆیان لە شاری سلێمانی کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ۱ی خەرمانان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەد نەزیف قادری»، بەرپرسی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان و جێگری دووهەمی لێپرساوی گشتی، سەردانی دەفتەری پەیوەندییەکانی پارتی پێشڤەڕۆی کوردی سورییەیان لە شاری سلێمانی کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە لایەن شاندێکی ئەو پارتەوە بە سەرپەرستیی مامۆستا «حەمید دەرویش»، سکرتێری گشتیی پارتی پێشڤەڕۆ، پێشوازییان لێکرا.

لەو چاوپێکەوتنەدا باسێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە دۆخی کورد لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تاوتوێ کرا.

هەر دوو لایەن لەسەر بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە، جەختیان کردەوە.

# بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و بێزارییان لە ڕێژیمی ئیران دەربڕی.

شەوی پێنجشەممە، ۳۱ی گەلاوێژ، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پیرانشار، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، پشتگیریی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسینی «بژی حیزبی دێموکرات» و بڵاوکردنەوەی ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانیی خۆیان لە حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەربڕی. هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بۆ جارێکی دیکە ڕق و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی داگیرکەر و تێرۆریستپەروەری ئێران دەربڕی.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنە، لە ڕۆژی یەکشەممە، ۳ی خەرماناندا و لە یەکەمینساڵیادی شەهیدبوونی شەهیدانی ژینگەدا، شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی»، بە بڵاوکردنەوەی پۆستێر و وێنەی تایبەت بەو شەهیدانە، یادی شەهیدانی ژینگەیان بەرز ڕاگرت.

لەم یادکردنەوەیەدا تێکۆشەرانی دێموکرات، لە شوێنەکانی وەک: «کێوی ئاویەر، پارکی ئەمیرییە و دەوروبەری مزگەوتی ئەمیرییە» و هەروەها لە شوێنەکانی دیکەی شاردا، وێنە و پۆستێریان بڵاو کردەوە.

شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی»، لە ڕەوتی ئاگرتێبەردانە بەئەنقەستەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە کاتی کوژاندنەوەی ئەم ئاگرانەدا، لە ڕۆژی ۳ی خەرمانانی ۱۳۹۷ی هەتاویدا گیانی خۆیان بەخت کرد هەر بۆیە ڕۆژی ۳ی خەرمانان وەکوو ڕۆژی شەهیدانی ژینگە لە کوردستان ناودێر کراوە.

# ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی خولێکی دیکەی سیاسی بۆ پێشمەرگەکان بەڕێوە چوو



بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات، ڕێوڕەسمێک بۆ کۆتاییهاتنی خولێکی دیکەی سیاسی بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ۱۱ی خەرمانان، ڕێوڕەسمێک لە لایەن دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە بۆ کۆتاییهاتنی خولێکی دیکەی سیاسی بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتدا بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە لە لایەن «لەیلا دڵپەسەند»، پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرا. دواتر پەیامی بەشداربووانی دەورە لە لایەن «ئارۆ سەمەدی»یەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا، گۆرانییەک لە لایەن «نیزام سەجادی»، بەشداربووی دەورەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، کەسانی یەکەم تا سێهەم « ماریا ئەحمەدی، نیزام سەجادی، فاروق سۆهرابی» لە لایەن مامۆستا مەلا «قاسم کەڵەشی»، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خەڵات کران.

# دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات و دەزگای هەڵبژاردنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بوونەوە

شاندێکی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی کرد و لەو دیدارەدا باس لە ئاڵوگۆڕەکانی دوای کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکرات کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ۱۰ی خەرمانان؛ شاندێکی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «سەلیم زنجیری» بەرپرسی ئەو دەزگایە، وێڕای» ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی سەردانی دەزگای هەڵبژاردنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە شاری سلێمانیی کرد. شاندی حیزبی دێموکرات لە لایەن هەیئەتێکی دەزگای هەڵبژاردنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە سەرپەرستیی «رزگار عەلی» پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەدا، شاندی حیزبی دێموکرات وێڕای پیرۆزبایی لە



ئەرکی نوێی و هیوای سەرکەوتن بۆ بەرپرزیان، باسیان لە ئاڵوگۆڕەکانی دوای کۆنگرەی شازدەهەم و گۆڕینی پێکهاتە و دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردن لە حیزبی دێموکراتدا کرد. گرنگیدان بە پرسی هەڵبژاردن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی نەتەوەکان و قووڵترکردنەوەی ڕۆحی دێموکراسی و ئاشتی و سەقامگیری هەیە، لە باس و بابەتەکانی ئەو دیدارە بوون. لەو دیدارەدا دوو لایەن لەبارەی پرسی هەڵبژاردن باسیان لەوە کرد، ئێمەی کوردیش لەو ناوچە ئاڵۆز و پڕ لە کێشەیەدا دەبێ لە تاقیکردنەوەی ئەو ئەزموونە و پێشخستنیدا بەردەوام و خاوەن ڕۆڵ بین. لە کۆتاییدا وێڕای خۆشحاڵی هەر دوو شاند لەو دیدارە، جەخت لە سەر پتەوکردنی پێوەندییەکانی هەر دوو دەزگا و هاوکارییەکانیان لە پێوەندییەدا کرا.

# دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات سەردانی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد

شاندێکی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات، بە مەبەستی پەرەدان بە پەیوەندییە دۆستانەکان، لەگەڵ حیزب و لایەنە کوردییەکان، سەردانی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد. ڕۆژی دووشەممە، ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۹۸ی هەتاوی، شاندێکی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «سەلیم زنجیری»، بەرپرسی ئەو دەزگایە، وێڕای «محەممەدساڵح قادری»، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، سەردانی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دێموکراتی کوردستانیان کرد. شاندی حیزب لە لایەن هەیئەتێکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی «خوسرۆ گۆران»ەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا باس لە گرینگیی پرۆسەی هەڵبژاردن و سیستەمە جیاوازەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتانی جیهاندا کرا و کاریگەرییەکانی لەسەر چارەنووسی نەتەوە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و جێخستنی کولتووری دێموکراسی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە وڵاتاندا بە چارەنووسساز زانی، بەتایبەت بۆ گەلی ئاشتیخواز و ماف پێشێلکراوی کورد کە تاقیکردنەوەی ئەو



ئەزموونە وەکوو کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دێموکراسی تا چ ڕادەیەک دەوری ئەرێنی لە بەرەوپێش چوون و پێکەوەژیانی ئاشتییانەمان لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دەوروبەرمان دەبێت. لە کۆتاییدا وێڕای خۆشحاڵی هەر دوو شاند لەو دیدارە، جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەر دوو دەزگا و هاوکارییەکانیان کرا.

# «کۆچەر بیرکار»
# وەک بیرمەندی یەکەمی ساڵ لە جیهاندا هەڵبژێردرا

دامەزراوەی «پرۆسپێکت»، پرۆفیسۆر «کۆچەر بیرکار»، زانای کوردی بواری بیرکاریی وەک بیرمەندی یەکەمی جیهان هەڵبژارد. ڕۆژی سێشەممە، ١٢ی خەرمانان، دامەزراوەی «پرۆسپێکت»، براوەی پێشبڕکێی ٥٠ کەسایەتیی ناوداری جیهانی بۆ بەدەستهێنانی ناسناوی «بیرمەندی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٩»ی ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد کە «کۆچەر بیرکار»، مامۆستای کوردی زانکۆی «کەمبریجی بریتانیا»، وەک یەکەم بیرمەندی ساڵ، هەڵبژێردراوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی فەرمیی دامەزراوەی «پرۆسپێکت»، دەیان هەزار کەس بەشدارییان لە دەنگدانی ئینتەرنێتیی ئەم دامەزراوەیەدا کردووە و لە کۆتاییدا ئەم بیرکارە کوردە، وەک کەسی یەکەم دەرچووە و ناسناوەکەی بردووەتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەو دامەزراوەیەدا هاتووە: «بیرکار کوردێکی ئێران و یەکێک لەو چوار پارچەیەیە کە نیشتمانی گەلێکی بێدەوڵەتن و ئەو گەلەی کە هەموو کات ولامی داخوازییان بۆ مافە نەتەوەییەکەیان، هەمیشە بە مستی ئاسنین دراوەتەوە». «بیرکار» ساڵی ٢٠١٨ خەڵاتی «فیلدزی بیرکاری»ـی کە بە نۆبێلی دونیای زانستی بیرکاری هەژمار دەکرێت، بردووەتەوە. «فەرەیدوون درەخشانی» بیرکارێکی هاوچەرخی کوردە کە ساڵی ١٩٧٨ی زایینی، لە گوندی «نێ»ـی سەر بە شاری مەریوان لەدایک بووە و لە ئێستادا لە زانکۆی «کەمبریج» پرۆفیسۆرە. ٧٣هەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەو حیزبەدا بەشداریی کرد. ئەو ڕێوڕەسمە، لە شاری «ستۆکهۆڵم» و بە بەشداریی دوکتور»جەعفەر ئێمنکی»، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرایەتیی «حکوومەتی هەرێمی کوردستان»، لە وڵاتی سوئید، نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و عێراقییەکان و چەندین کەسایەتی، بەڕێوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای پەیامی لیژنەی ناوچەی پارتی، دوکتور «جەعفەر ئێمنکی»ـش، چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. شاندی حیزبی دێموکرات وێڕای پیرۆزباییکردن لە بەرپرسانی پارتی دێموکرات، هیوایان خواست کە درێژە بە پەیوەندیی دوولایەنە و هاوخەباتی و هاوپشتیوانیی زیاتر لە ڕاستای پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە هاوبەشەکاندا بدەن.

# فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەر شەقام لە شاری مەریوان کۆتایی پێهات

فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەر شەقام لە شاری مەریوان، بە بەشداریی داوەرەکانی فیستیڤاڵ، گرووپە شانۆکارەکان، هونەرمەندانی کورد، ئێرانی ، بیانی، کەسایەتییە ناودارەکان و خەڵک کۆتایی پێهات.

ڕۆژی سێشەممە پێنجی خەرمانان مەڕاسمی کۆتایی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەر شەقام لە شاری مەریوان، پایەتەختی شانۆی سەر شەقامی ئێران کاژێر ٨:٣٠ ئێوارە لە هۆڵی «نیشات» بە بەشداریی داوەرەکانی فیستیڤاڵ، گرووپە شانۆکارەکان، هونەرمەندانی کورد، ئێرانی، بیانی، کەسایەتییە ناودارەکان و خەڵک بەڕێوە چوو.

لە چوار ڕۆژی بە ڕێوە چوونی ئەم فێستیڤاڵە ٨٥ بەرهەم بەم چەشنە پێشکەش کران : ڕۆژی یەکەم ١٤ شانۆ, ڕۆژی دووەم ٣٢ شانۆ, ڕۆژی سێیەم ٣١ شانۆ, ڕۆژی چوارەم ٨ شانە. مەڕاسمی کۆتایی فێستیڤاڵەکە بەم چەشنە بەڕێوە چوو: لەم مەڕاسمەدا چەندین وتار پێشکەش کرا و ڕێز لە هونەرمەندە گەورە و ناودارەکان گیرا. هەروەها چەند پارچە مۆسیقایەک پێشکەش کرا و خەڵاتەکان بە سەر بەشە جۆراوجۆرەکاندا دابەش کران.

لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەرشەقامی مەریوان، ڕێژیم ئیجازەی بە بەڕێوەبەرانی ئەم فێستیڤاڵە نەداوە کە لە بنێرەکاندا، لە زمانی کوردی کەڵک وەربگیرێت.

وێڕای ئەوەی کە مەریوان شارێکی کوردنشینە و بە پێتەختی شانۆی سەرشەقامی ئێران ناسێندراوە و ساڵانە لەم شارەدا ئەم فێستیڤاڵە بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە بنێرەکانی نێو شاردا، گرینگی بە زمانی کوردی نەدراوە.

ئەمانە لە حاڵێکدایە کە زمانی کوردی بەردەوام لە لایەن ڕێژیمەوە هێرشی دەکرێتە سەر و ڕێژیم لە هەوڵدایە بە هەموو شێوازێک زمانی فارسی زەق بکاتەوە و زمانی نەتەوەکانی دیکە لەنێو خۆیدا بتوێنێتەوە.

هەروەها ١١ وڵاتی جیهان لەم فێستیڤاڵەدا بەشدار بوون و بەم کارە ڕێژیم ویستوویەتی ئێران بە وڵاتێکی یەک نەتەوە بناسێنێت و زمانی فارسی بە باڵادەستی و زمانی هەموو ئێران لە قەڵەم بدات.

مەریوان چەندین ساڵە پایەتەختی شانۆی سەر شەقامی ئێرانە بەڵام بە پێی پێویست بوجە و شوێنی تایبەت بۆ ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە دابین نەکراوە .

# ٢١ی خەرمانان ڕۆژی پێکەوەبوون و بەرخۆدانی نەتەوەیی

کەمپەینی ٢١ی خەرمانان، لە لایەن چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دامەزراوە و داوا لە خەڵکی کوردستان کراوە کە بە چالاکیی تەبلغیی دیاریکراو، ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی «پێکەوەبوون و بەرخۆدانی نەتەوەیی» دیاری بکرێت. لە بەرەبەری ٢١ی خەرماناندا، ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات، کەمپەینێکیان بۆ ڕۆژی ٢١ی خەرمانان پێک هێناوە. کەمپەینی ٢١ی خەرمانان لە هەوڵدایە هەتاکوو ٢١ی خەرمانان وەک ڕۆژی «پێکەوەبوون و بەرخۆدانی نەتەوەیی» بە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان، بەبێ جیاوازیی بیرکردنەوە، پێشنیار بکات. لەم کەمپەینەدا خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە هەڵمەتێکی نەتەوەییدا بە ئەنجامدانی هێماکانی پێکەوەبوون و ناردنی وێنە و ویدیۆ، بۆ جارێکی تر حەماسە دەخولقێنن و دەیسەلمێنن کە پێکەوەبوون دەبێتە هۆی سەرکەوتن. هاوکات لەو کەمپەینەدا داوا کراوە کە خەڵک بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن لەو هێمایانە کە بۆ ئەو ڕۆژە دیاری کراوە، کەڵک وەربگرن. ئەو هێمایانەی کە بۆ کەمپەینی ٢١ی خەرمانان دیاری کراوە بریتین لە: «وێنە و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژە، ناوی شار و ڕێکەوت لەسەر دەست بنووسرێت». کەمپەینەکە بە ماوەی ١٢ ڕۆژ بەڕێوە دەچێت.
لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران، لەسێدارەدانی لاوانی کورد و هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات، سەرجەم دووکان و بازاڕەکانیان داخست.

# کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر ماڵاوایی لە ژیان کرد

کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و باوکی دوو زیندانیی سیاسیی کورد، لە شاری شنۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد.

حاجی «ئەحمەد فتووحی»، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و ناسراوی ناوچەی سندووس و شاری شنۆ، ڕۆژی هەینی، [illegible]ی خەرمانان لە تەمەنی ٨٨ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

حاجی ‹›ئەحمەد فتووحی››، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران وەک ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکرات، لە شاری نەغەدە دەردەکەوێ. ناوبراو بە هۆی دەستپاکی و لێهاتوویی ئەرکی کۆکردنەوەی یارمەتی لە شاری نەغەدەی پێ دەسپێردرێت. حاجی ئەحمەد بە هۆی چالاکیی سیاسی، توشی زیندان و ئەشکەنجە دەبێت. پاشان بە هۆی گوشاری سپای تێرۆریستی پاسداران بە ناچاری زێدی خوی بەجێ دەهێڵت و واز لە سەروەت و سامانەکەی لە گوندی ‹›باڵەخچی›› دێنێت. دواتر ڕوو لە گوندی ‹›کۆنەقەڵا›› سەر بە شاری شنۆ دەکات. دوو کوڕی ناوبراویش بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتدا لە لایەن ڕێژیمەوە دەسبەسەر دەکرێن. کوڕێکی ناوبراو بە ناوی ‹›ڕەحیم

# کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەرکانی شاری ورمێ کە هەمیشە ماڵەکەی شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگە بووە، کۆچی دوایی کرد.

کاک «حەمید قاسمی»، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و ناسراوی شاری ورمێ، خەڵکی گوندی «بانی»، سەر بە ناوچەی «گەلی بەردەڕەش»، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ورمێ بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت.

ناوبراو ساڵی ١٣٢٢ لەدایک بووە و لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کەسێک بوو کە ماڵ و حاڵی هەمیشە شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگە بووە. بە هەموو شێوەیەک هاوکاریی پێشمەرگەی دەکرد و هەتا دواساتەکانی ژیانیشی هەر پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بوو.

کاک «حەمید» لە لای خەڵکی ناوچەکە و شۆڕشگێرانەوە، جێگای باوەڕ و متمانە بوو.

تەرمی ناوبراو بە بەشداریی خەڵکێکی زۆری ناوچەکانی ورمێ، لە گوندی «بانی»، بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

# هاوسەری شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاری ماڵاوایی لە ژیان کرد

هاوسەری شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ، ماڵاوایی لە ژیان کرد. ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٨ی خەرمانان، دایە «زارا پوورخزر»، هاوسەری شەهید «ئیسماعیل دروستکار»، لە گوندی «گرکاشان»، سەر بە شاری شنۆ، کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کەسێکی دڵسۆز و پێشمەرگەخۆشەویست بوو و هەتا دواهەناسەکانی ژیانی بە ڕێبازی هاوژینەکەی وەفادار مایەوە. تەرمی ناوبراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا. «شەهید ئیسماعیل دروستکار»، دوای ئەوەیکە پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لە ڕووداوێکدا لە گوندی «قەڵاتان»ـی سەر بە شاری نەغەدە، لە ڕێکەوتی ١٢ی بانەمەڕی ساڵی ٦٢ی هەتاویدا، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو. گڵکۆی ناوبراو لە گوندی «قەڵاتان»ـە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# یارێکی بەوەفای دوکتور قاسملوو کۆچی دوایی کرد



مامۆستا مەلا «محەممەد ئیمامی» کەسایەتیی ناسراو، مامۆستای ئایینی، نووسەر، شاعیر و وەرگێڕی نیشتمانپەروەر، دانیشتووی شاری سەقز، ماڵاوایی لە ژیان کرد. ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی خەرمانان کەسایەتیی ئایینی و نیشتمانپەروەر، مامۆستا مەلا «محەممەد ئیمامی»، دۆستێکی نزیکی شەهید دوکتور قاسملوو، کۆچی دوایی کرد. ناوبراو خۆشەویستی هەموو چین و توێژەکانی ناوچەکە بوو. مامۆستا لە دوایین کەسایەتییە خەباتکارەکانی دەورانی کۆمار و بەتایبەت بزووتنەوەکەی دوای کۆمار بوو، ئەندامی چالاکی حیزب بوو، لە ساڵی ١٣٣٨ هەتا ١٣٤٢ لە زیندانەکانی تەورێز و تاران لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا، قارەمانیەتی و وەفاداری و خۆڕاگریی نواند. مەلا «محەممەد ئیمامی» ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو کە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ شەهیدان «سم»ایل شەریف زادە، سلێمان موعینی»، لە لایەن ساواکەوە گیرا و بۆ گرتوخانەی «قەلعەحەساری کەرەج ڕاگوازرا. ئەو تێکۆشەرە گەورەیە هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان مایەوە و پەیوەندییەکی نزیک و بەردەوامی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا هەبوو. مامۆستا «محەممەد ئیمامی» ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گوندی «قەرەچەر» سەر بە ناوچەی گەورکی سەقز لە بنەماڵەیەکی زانا و ئایینیدا چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا قورئانی پیرۆز لە لایەن دایک و باوکیەوە فێر بوو. ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی خوێندنی ئایینی لە لای براکەی دەست پێکرد و لە ماوەی ١٠ ساڵدا توانی ئایین و شەرع فێر ببێت. دوای زەحمەتێکی زۆر لە لایەن حاجی باباشێیخەبنی ئەلکاژاوەیی (حاجی بابا شیخ ابن الکاژاوەای) لە گوندی «ئاڵمانە» سەر بە شاری مەریوان، توانی مۆڵەتی وانەوتنەوە وەربگرێت. دوای ماوەیەک خزمەت و ئیمامەت لە گوندەکانی بانە و دەوروبەری سەرئەنجام ساڵی ٦٢ی هەتاوی گەڕایەوە سەقز و بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ لە مزگەوتی « دارولئێحسان»، واتە گەڕەکی بەردبڕانی ئەو شارە ژیانی خۆی بەسەر برد. ناوبراو چەندین بەرهەمی هەیە کە بریتین لە: «شەست ساڵ وانەوتنەوە و ئیمامی جەماعەت، دانی جەواز بە زانایانی ئایینیی ناوداری کوردستان، کۆمەڵە شێعری کتێبی شەماڵ و زریان، وەرگێرانی وێژە و شێعری کوردی و فارسی (غەزەڵەکانی حافز، سەنایی، پەروین)، دیوانێکی شێعر (چاپ نەکراو)». ناوبراو هەروەها ئەندامی هەیئەتی دانوستانی نەتەوەی کورد و خەڵکی سوننە لەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە سەرەتای ئینقلابەوە بوو. ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی خەرمانان، کاتژمێر ١١ بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداریی هەزاران کەس لە خەڵکی شارەکانی کوردستان، تەرمی ناوبراو لە مزگەوتی دارولئێحسانی بەردبڕانەوە بەرەو گۆڕستانی «شاناز» گوازرایەوە و لەوێ بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە ، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# هاوسەری شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاری، کۆچی دوایی کرد

هاوسەری وەفاداری شەهیدێکی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری پیرانشار، بۆ هەمیشە دڵە بەوەفاکەی لە لێدان کەوت. ڕۆژی دووشەممە، ٤ی خەرمانان، دایە «خەجیج ئەحمەدی»، هاوسەری بەوەفای شەهیدی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید «مەحموود خەلیفانی»، ناسراو بە «مەحموود سمێڵ»، لە گوندی «زەنگیاوێ» سەر بە شاری پیرانشار، بۆ هەمیشە دڵە پڕ لە ئاوات و تاسەکەی لە لێدان کەوت.

شەهید "مەحموود"، لەدایکبووی ساڵی ١٣١٥ لە گوندی «شاوەلە»، سەر بە شاری پیرانشار بووە و پاش تێکەڵ بوونی بە ڕیزی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی حیزب، سەرەنجام لە دەرگیرییەکدا لە «گردی عەرەبان»، گیانی ئازیزی پێشکەش بە بارەگای ئازادی دەکات و لە گوندی «شنۆزەنگ»، سەر بە شاری پیرانشار، بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردراوە.

دایە "خەجیج" پاش شەهیدبوونی هاوسەرەکەی، وەک شێرە ژنێک لە پێی بارهێنان و گەورەکردنی منداڵەکانی دانیشت و تا دواساتەکانی ژیانی، وەفاداریی خۆی بە ڕێباز و ڕێگای هاوسەرەکەی نیشان دا.

تەرمی دایە «خەجیج» لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا، بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

# دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کرماشان بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت. دایە «نەسرەت سەلیمی»، دایکی شەهید «شوکور فەتاحی»، شەهیدی سوورخەڵاتی نەتەوەی کورد و کاک «سەعدوڵڵا فەتاحی»، دانیشتووی وڵاتی ئامریکا، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

دایە «نەسرەت»، دوای شەهیدبوونی کوڕە پێشمەرگەکەیشی، هەمیشە پشتیوانیی لە حیزبی دێموکرات دەکرد. تەرمی دایە «نەسرەت» لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.

شەهید «شوکر فەتاحی» ساڵی ١٣٥١ لە گوندی «زەردە» لەدایک بوو. دوای ئەوەیکە چەکی پێشمەرگایەتیی بۆ خاکی خۆی لە شان کرد، لە ڕێکەوتی ١٥ی گەلاوێژی ٦٨ی هەتاوی، بەهۆی مینە چێندراوەکانی ڕێژیمی ئێران، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

حیزبی دێموکرات سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## درێژەی پەیف

ژێنێتیکییەکانی دیاری دەکا، بەڵام گرنگتر لەوە فاکتۆری خوێنە وەکوو خەبات و ئیرادەی نەتەوەیی.

کورد نەک لە پێناوی ئیرادەی نەتەوەییدا خەباتی درێژماوە و مانادراری کردووە، بەڵکوو زۆرجار خوێنی لەسەر خاکی کوردستان تێکەڵ بەیەک بووە. لە کوشتار و کۆمەڵکوژییە فراوانەکاندا کە داگیرکەران بەسەریاندا هێناوە، فیشەک و مووشەکی داگیرکەر، جیاوازیی لەنێوان ناو و ناسنامەی تاک و گرووپیی قوربانیاندا نەکردووە، بەڵکوو تەنیا بەهۆی کوردبوونەوە خوێنی ڕشتوون.

لە دوای فەرمانی جیهادی خومەینییەوە بگرە، تا کوشتاری شار و گوندەکان و تاکوو بۆمبارانی شارەکانی کوردستان و تاکوو دەرمانداوکردنی کادر و پێشمەرگەی کوردستان و ژن و منداڵەکانیان و تاکوو پێکەوە ئێعدامکردنی لاوانی کورد و تاکوو مووشەکبارانی تێکۆشەرانی کورد و ژن و منداڵەکانیان، لە هەموویاندا کورد وەکوو نەتەوەیەک خوێنی تێکەڵ بەیەک بووە و بەدەست یەک دوژمن خوێنی ڕژاوەتە سەر خاکی کوردستان. ئەم خوێنە هاوبەشەیە کە پێکەوەبوونی نەتەوەیی بەرپا دەکا.

# ٧٤ ساڵ خەبات لە پێناو مافی نەتەوایەتیی، ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

ناسر ساڵحی ئەسڵ

## بەشی سێهەم و کۆتایی

لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتگێڕانی وەك باقی نەتەوەکانی ئێران بۆ ڕزگاربوون لە دەست زوڵم و زۆری ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی تێکەڵی شەپۆلی خۆپیشاندانەکان بوون و خوازیاری دەستەبەربوونی مافە زەوت کراوەکانیان بوون؛ بەڵام ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی خومەینی هەر لە سەرەتاوە دژایەتی لەگەڵ گەلی کورد دەست پێکرد و بە ڕشتنی خوێنی کوردان و دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژ بە نەتەوەی کورد، نێوەڕۆکی خۆی بۆ هەموو لایەك دەرخست.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتی دوکتور قاسملووی ڕێبەر، هەر لە سەرەتاوە نیازپاکی خۆی نیشان دا و بەناردنی شاندی دانوستانکار لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دا، بەڵام وەك دوکتور قاسملووی شەهید فەرموویەتی: «کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد نەبوو و ئیدعای ئومەتی واحیدەی ئیسلامی دەکرد».
لە سێبەری دەسەڵاتداری ڕەش و نگریسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەچەندین شێوە دەچەوسێتەوە کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین.

**- لەبواری سیاسییەوە:**

نەتەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لە سیبەری ڕەشی دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خاوەن هیچ چەشنە مافێکی سیاسی نییە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تا هەنووکە لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی کەڵکی وەرگرتووە.
لەو پێناوەشدا زیاتر لە ٥ هەزار پێشمەرگە گیانی فیدای ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کردووە و بە هەزاران پێشمەرگەی دیکەی کەمئەندام بوون و زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس لە خەڵکی مەدەنی کورد شەهید کراون.
هەروەها چەندین کادری رێبەری لە پێناو گەیشتن بە دێموکراسی و ئازادی و مافی نەتەوایەتیی شەهید بوون.
پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرکۆماری کیانێکی دێموکراتیك و گەلی، بە تاوانی داواکردنی مافی نەتەوەی کورد و ئازادی، لە چوارچرای مەهاباد لە سێدارە درا.
هەروەها رێبەر و مامۆستای دێموکراسی و گەورەپیاوی کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر مێزی وتووێژ لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش شەهید کرا.
هەروەها لە پێناوی گەیشتن بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتییدا رێبەرێکی هەڵکەوتووی وەک دوکتور سادق شەرەفکەندی لە دەست داوە کە لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کوماری ئیسلامی لە بێرلین شەهید کرا.

**-لە بواری ئابوورییەوە:**

ئەگەر لە ماوەی دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چاوخشاندنێك بەسەر ئامار و داتاکانی تەنانەت دەرچوو لە لایەن ئیدارەی ئامار و بانکی ناوەندیی ڕێژیمیشدا بکەین، دەبینین کە بۆ وێنە لە باری پێشکەوتوویی پارێزگا کوردنشینەکانی ئێران بەپێی پێوەری ئاماری ڕێژیمی ئێران بەم شێوەیە بووە:
ئیلام لە نێوان ٣١ پارێزگادا پلەی ٢٨ەمین، کرماشان لە پلەی ٢٥هەم، پارێزگای ورمێ لە پلەی ٢٤ و پارێزگای سنە لە پلەی ٢٦دا جێیان گرتووە.
یان بە پێی هەڵسانگاندنێکی دیکە بۆ ڕێژەی بێکاری لە پارێزگاکانی ئێران، پارێزگاکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەم شێوەیە بوون: پارێزگای ورمێ ٣٠-٤٥ لە سەد، پارێزگای ئیلام٤١-٥٥لە سەد، پارێزگای سنە ٤٢-٥٠لە سەد، پارێزگای کرماشان٣٥-٥٣لە سەد دایە.
Wئەوە لە حاڵێکدایە کە لە پارێزگا ناوەندی و فارسنشینەکانی ئێران کە زۆربەی بیابانی و لە ئاستی کانزا و سروشتییەوە زۆر هەژارتر لە پارێزگاکانی کوردستانە ئەو ڕێژەیە ٤/٩-١٦ بووە. هەڵبەت بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە ئەم ئامار و داتایانە زۆر لەم ڕێژەیە زیاترن و بارودۆخی پارێزگاکانی کوردستانی ئێران زۆر خراپتر لەوانەیە کە ڕێژیم ئیدعای دەکات.
بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش بۆ بێکاری لە کوردستانی رۆژهەڵات، بوونی بە هەزاران لاوی بێکار و کۆڵبەرە لە سەر سنوورەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان کە لە رووی ناچارییەوە بۆ پەیداکردنی پاروە نانێك خەریکی کاری تاقەتپڕوکێن و پڕمەترسی کرێکۆڵین و ڕۆژ نییە کە چەند کەسێکیان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بە بیانووی قاچاقچێتی نەکەونە بەر گوللە و نەکوژرێن، ئەم ڕەوشە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەو زوڵمە ئابوورییەی کە کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر خەڵکی کوردستانی پەیڕەوی دەکات. هەروەها بوونی بە هەزاران دەرچووی زانستگایی بێکار کە پاش ڕەنج و ماندوویەتێکی زۆرەوە توانیویانە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی بڕوانامەی بەرز وەرگرن ، بەڵام بەهۆی هەڵاواردن و جیاوازی خستنی ڕێژیم لە نێوان کورد و غەیری کورد بۆ دامەزراندن، بێکار ماونەتەوە یان مەجبوورن وڵات بەجێ بێڵن یان لە رووی ناچارییەوە دەبێ خەریکی کارگەلێکی زۆر جیاواز بن لەگەڵ توانایە زانستییەکانیانەوە، ئەم بوارەش بەڵگەیەکی ترە لەو پێشێلکردنەی مافی کوردان. لە بەرامبەر ئەوەدا ئەبینین کە لە زۆربەی ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا خەڵکانی تر کە کورد نین و لە ناوچەکانی ترەوە هێنراون ئەرکدار کراون. سەرەڕای ئەوە نەدانی حەقدەستی بەهەزاران کرێکار و لە کار دەرکردنی ئەم توێژە هەژارە لە دەگمەن کارگە و کارخانەکانی هەڵکەوتوو لە کوردستان و گۆڕینی جێگای ئەوان لەگەڵ کرێکاری شارە تورك و فارسنشینەکان یەکێکیتر لە بێ عەدالەتی و مافخوراوییە کە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان لە ئارادایە.

**- لە بواری فەرهەنگییەوە:**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمووکات حاشای لەوە کردوە کە کورد وەك نەتەوەیەك پێناسە بکات و هەر لەم ڕوانگەشەوە هیچکات دان بەمافە کەلتوورییەکانی گەلی کورد وەك باقی مافەکانی تری دانانێت. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بە پێی ماددەی ١٥ و ١٩ی یاسای کۆماری ئیسلامی هەموو گەلانی ناو جوگرافیای ئێران مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی خۆیان هەیە و دەتوانن پەرە بە کەلتووری خۆیان بدەن بەڵام تا ئێستا کۆماری ئیسلامی هیچ هەوڵێکی لەمبارەوە نەداوە و تەنانەت پێشی لە زۆر ڕێکخراوی ناحوکمی و سەربەخۆ گرتووە کە تەنیا لە بواری کەلتووری و گەشەپێدان بە زمانی کوردی چالاکی دەکەن، سەرەڕای ئەوە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤاری کوردی زۆر بەدەگمەن لە ژێر تیخی تیژی سانسۆڕی ڕێژیم بەڕێوە دەچێت، منداڵانی کوردستان بێبەشن لە فێربوونی زمانی دایکی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە زمانی خۆیان و بەدەیان سیاسەت لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان بوونی هەیە کە خەریکی ئاسیمیلە کردنی منداڵانی کورد لەنێو کەلتوور و فەرهەنگ و زمانی فارسیدانە. مامۆستایانی قوتابخانەکان بۆیان نییە هیچ زانیارییەك لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی بە قوتابیان بدەن و تا ئێستا هەموو ساڵێ بە چەندین ڕاگەیەندراو لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە دەرچووە کە ئەگەر بێت و مامۆستایان لە سەر پۆلەکانی قوتابخانە بە کوردی بپەیڤن یان باسی کورد بکەن دەکەونە بەر سزا و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. سەرەڕای ئەوە ئەو دەگمەن روناکبیر و چالاکە کەلتوورییانەش کە خۆبەخشانە خەریکی زیندووڕاگرتنی کەلتوور و داب و نەریتی کوردین ساڵانە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەی یەکجار زۆر بەرەوڕوو دەبنەوە و بەگشتی پێشێلکردنی مافە کەلتوورییەکانی گەلی کورد یەکێك لە سیاسەتە هەرە بەرچاوەکانی ڕێژیمە دژ بە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران.

**- لە بواری کۆمەڵایەتییەوە:**

لە بواری کۆمەڵایەتییەوە لاوان و تازەلاوانی کوردستان لە هەر چەشنە پێداویستییەکی تێپەڕکردنی کاتی بێکاری یان بەرنامەی پێویستی سەردەمی لاوێتی بۆ لاوان بۆ وێنە دامەزراندنی پارك و سەیرانگا و ناوەندی وەرزشی بێبەرین و زۆرجار نەبوونی وەها ئیمکاناتێك بەلاڕێداچوونی ئەم توێژەی لێکەوتۆتەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا ڕێژیم لە کوردستان تا بۆی دەکرێت پەرەی بە بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان داوە و بە داخەوە بە هەزاران لاو و تازەلاوی کچ و کوڕی کورد گیرۆدەی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە بوونە و ئەگەر لە ناوچەکانی تری ئێران ڕێژیم قاچاخچییەکانی ماددە هۆشبەرەکان بە تاوانباری بڵاوکردنەوە دەزانێت بەڵام لە کوردستان بە شاهیدی هەموو خەڵك و گیرۆدەبووانی ئەم مەوادە، دەزگای ئیتلاعات و سپای پاسداران گەورەترین بڵاوکەرەوەی ئەم بەڵایەن لەناو خەڵکی کوردستاندا و خەریکن سیاسەتی چەپەڵی ژێنۆسایدی سپی بەڕێوە دەبەن، ڕێژیم و دەست و پێوەندییەکانی نەتەنیا پەرە بەم مەوادە دەدەن بەڵکوو ڕێگری لە کردنەوەی هەرچەشنە کەمپ و ناوەندێکی وەلانانی ئەم مەوادە دەکەن و هەروەها جیا لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی دواییدا باشووری کوردستانیشیان کردۆتە ئامانج و لەڕێگای دەست و پێوەندییەکانی خۆیان لەم دوو بەشەی کوردستان لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵایەدان.
سەرەڕای ئەمە هێنانی ئافرەتانی لەشفرۆش و پەرەپێدان بە نەخۆشی ئەیدز یەکێکیتر لەو سیاسەتانەیە کە ڕێژیم بۆ خەڵکی کوردستان و بە تایبەت بۆ لاوانی کورد بۆ دوورخستنەوەیان لە هەستی نەتەوایەتیی و شۆڕشگێری گرتوویەتە بەر. بەگشتیی ڕێژیم لە کوردستان لە هەرچەشنە سیاسەتێکی دژی گەلی بۆ تواندنەوەی کورد و نەهێشتنی کەڵك وەردەگرێت و نەتەنیا مافی خەڵکی کوردستانی بۆ گرینگ نییە بەڵکوو تەنانەت گیانی خەڵکی کوردیشی لە لایەوە بەهایەکی نییە.

**قۆناغی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ(ڕاسان):**

پاش نزیك بە ٢٠ ساڵ لە ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، هیچ کات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هیچ دەرەتانێکی بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی بە خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بەرەوا نەبینی، هەر بۆیە حیزبی دێموکرات هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ڕێگای نوێی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخە.
بە مەبەستی ڕێکخستن و بەرینترکردنی مەیدانی خەباتی شار و شاخ و لە هەمان کاتدا بە جەماوەریترکردنی خەبات، وەك ڕێکارێك لە پەیامی نەورۆزیی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، بەڕێز مستەفا هیجری، لە چیاکانی سەر سنووری باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا کەوتۆتە بەر سەرنجی کۆمەڵانی خەڵك.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەگەر خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان پشتی بە ڕێکخستن و نەخشەڕێگای هاوبەش و هەماهەنگی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان گەرم بێت، کۆمەڵگای کوردی رۆژهەڵات، زەرفییەت و توانای ئەوەی تێدایە لە هەر دەرفەتێك بۆ زەقکردنەوەی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کەڵك وەرگرێ.
تا لە لایەك بە حوزووری هێزی پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە ئیرادە و بیروباوەڕی قایمی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە خەبات بۆ ئازادی، لە ڕاساندا چالاکانە بەشداری بکەن. لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ و دەسپێکردنەوەی ڕاسانی نوێ، بەگەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ شاخ، بە مەبەستی وەدەستهێنانەوەی قووڵایی ئیستراتیژیك لە بواری نیزامیی - تەشکیلاتی و کۆنترۆڵکردنی پانتاییەکی جوغرافیایی لە شاخ بە مەبەستی مودیریەت کردنی چالاکی تەشکیلاتی و نیزامی وەك قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی مافخوازانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، دەنگدانەوەی بەرینی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بە دوای خۆیدا هێنا و تابۆی بێدەنگبوونی رۆژهەڵاتی کوردستانی شکاند.

**قسەی کۆتایی؛** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کاتی دامەزرانییەوە تا ئێستا دووربینترین، پێشکەوتنخوازترین و مۆدێڕنترین حیزبی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێرانە کە باوەڕی قوڵی بە دێموکراسی ومافی مرۆڤ هەبووە. هەر بۆیە ئێستاش پاش زیاتر لە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا، ڕێباز و قوتابخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەك هەر تۆزی کۆنبوونی لی نەنیشتووە، بەڵکوو وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی کوردستان ئەدرەوشێتەوە و وەك گونجاوترین ڕێبازی ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە گۆڕپانی خەباتدا دەرکەوتووە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتی دوکتور قاسملووی ڕێبەر، هەر لە سەرەتاوە نیازپاکی خۆی نیشان دا و بەناردنی شاندی دانوستانکار لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دا، بەڵام وەک دوکتور قاسملووی شەهید فەرموویەتی: "کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد نەبوو و ئیدعای ئومەتی واحیدەی ئیسلامی دەکرد".**



**مامۆستایانی قوتابخانەکان بۆیان نییە هیچ زانیارییەک لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی بە قوتابیان بدەن و تا ئێستا هەموو ساڵێ بە چەندین ڕاگەیەندراو لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە دەرچووە کە ئەگەر بێت و مامۆستایان لە سەر پۆلەکانی قوتابخانە بە کوردی بپەیڤن یان باسی کورد بکەن دەکەونە بەر سزا و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کاتی دامەزرانییەوە تا ئێستا دووربینترین، پێشکەوتنخوازترین و مۆدێڕنترین حیزبی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێرانە کە باوەڕی قوڵی به دێموکراسی ومافی مرۆڤ هەبووە.**
**هەر بۆیە ئێستاش پاش زیاتر لە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا، ڕێباز و قوتابخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر تۆزی کۆنبوونی لی نەنیشتووە، بەڵکوو وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی کوردستان ئەدرەوشێتەوە**

# کرماشان، ئیلام و لوڕستان؛
# بازنەی شاراوەو گرێکەرەوەی خەباتێکی دوور و درێژ

ن: مانێشت

**ڕاسان سەرەتایەک بۆ چالاک کردنەوەی دەنگە کپکراوەکان و توانا سەرکوتکراوەکانی گەلێک**

ڕەنگە زۆر کەس پێیان وابێ باس کردن و جەخت کردنەوە لە سەر شۆڕکردنەوەی قووڵایی ستراتێژیکی خەباتی خۆرهەڵات بۆ کرماشان و ئیلام و لوڕستان باسێکی نوێ و تاکتیکێکی برگەیی بێت بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو باسە هەم مێژوویەکی درێژی هەیە و هەم باسێک و ستراتێژییەکی وجوودییە کە دەبێ بە شێوازێکی جیددی کاری بۆ بکرێ. شەڕی گوتاری، ئەگەر پێشگریمانەیەک بێ بۆ ئەو هەوڵە، حوزووری چەکداری و چالاکی پارتیزانی تەواوکەری ئەو هەوڵە گرینگەن، بە خۆشحاڵییەوە ئەو هەستیارییە چەند ساڵێکە هەم لە ڕووی نیزامییەوە و هەم لە ڕووی دیسکۆرسییەوە ڕۆڵێکی تری بە خۆیەوە بینیوەو بووە بە پرسێکی جیددی؛ هەر چەند کەم بووە بەڵام جێگەی دڵخۆشییە.

لە وەها دۆخێکدا بە پێویستی دەزانم ئاوڕدانەوەیەکی کورتمان هەبێ لە خەباتی سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووی گەلی کورد و بە دیاریکراوی سەردەمی کۆمار لە خۆرهەڵات :

لە ساڵی ١٣٢٠دا پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە هەڵکەوتووانی کورد لە ناوچەی موکریان، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پێک دێنن و چالاکیەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد دەست پێ دەکەن، ئەم کۆمەڵەیە پەلوپۆ دەکێشی بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان. لەم پێوەندییەدا میرزا عەبدوڵا مودەبەر ( ناسراو بە ئاغەگەورە) کەڵوڕ (کەڵهوڕ) خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی ئەو کات کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا ناوبراو وەک بەرپرسی گشتیی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ژ-ک لە شار و ناوچەکانی سنە، کرماشان، ئیلام و لوڕستان دیاری دەکرێ. بە گەڕانەوەی ئاغاگەورە لە مەهابادەوە بۆ کرماشان، چالاکییەکانی کۆمەڵەی ژ- ک پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی- تەشکیلاتی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ-ک دا دەست بە چالاکی و ڕێکخستن دەکەن. یەک لەو کەسانە میرزا برایمخانی نادرییە کە دەبێتە جێگری میرزا مۆدەبر و چالاکییەکان لە ناوچەکانی کرماشان، پشتکۆ و لوڕستان سەرپەرەستی دەکا. کەسی دووهەم لەو تیکۆشەرانە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی بووە کە دەبێتە دەبیری کۆمەڵە لە شاری کرماشان. کەسی سێهەم ڕەشید باجەڵانییە کە وەکیلی دادگوستەری بووە، بەرپرسایەتی بەشی باشوور لە شاری خانەقینی پێدەسپێردرێ و هەروەها پێوەندی نێوان باشور و کرماشانیش بەڕێوە دەبا کە لە شاری بەغداوە دەست پێدەکا تا دەگاتە کرماشان. چوارەم کەس یەدوڵا ڕەزایی دەبێ کە بە بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی ئێلی کەڵوڕ دیاری دەکرێ؛ ناوبراو کەسێکی شارەزای بواری سیاسی بووە. بەمجۆرە کۆمەڵەی ژ- ک بە هۆی ئۆگربوونی بە بیر و هزری نەتەوەییەوە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ بیری نەتەوەیی لەو ناوچانە پەرە پێبدا و ڕێکخستنەکانیان وەک تەشکیلاتێکی چالاک خۆیان بنوێنن.

بە دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم چالاکیانە بەجۆرێک پەرە دەستێنن کە پێوەندی دایم لە نێوان مەهاباد و کرماشان و ناوچەکانی دیکە شێوازێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ. بە شێوەیەک کە لەکاتی پێکهێنانی کۆماری کوردستاندا عەبدوڵاخانی مۆدەبەر و برایمخانی نادری خۆیان دەگەیێننە مەهاباد و چالاکانە بەشداری هەڵسووڕاندنی ئەرکەکان دەبن.

بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، میرزا مۆدەبەر دەگەڕێتەوە کرماشان و میرزا برایمیش دەکرێتە ڕاوێژکاری سەرکۆماری کوردستان، قازی موحەممەد. میرزا برایم بێجگە لەوەی ڕاوێژکاری پێشەوا بووە، پلەی سەرهەنگی لە سوپای میللی کوردستاندا هەبووە.

بەسەرنجدان بەوەی کە زمانەکانی فەڕەنسی، ئینگلیزی، و عەرەبی بە باشی زانیوە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیریشدا (فەرهەنگ) هەڵسووڕ بووە و بابەتی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە، یان وەریگێڕاوەتەوە. بەتایبەت لە گۆڤاری کوێستاندا چەندین وتاری لەسەر سەلاحەدین ئەیووبی نووسیوە.

لە پێوەندی لەگەڵ گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، میرزا برایم گەلاڵەی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژیان دەخاتە بەردەست کاربەدەستانی کۆمار کە بە داخەوە لەبەر دەستپێکردنی شەڕ لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و هێرش بۆ سەر کۆماری ئازەربایجان، ناچێتە بواری جێبەجی کرانەوە، بەڵام بەو حاڵەش میرزا برایم دەبێتە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری دەنگی کورد بە سەردەبیری سەید عۆبەیدوڵا ئەیووبیان، کە لە دوایین ژمارەی ئەم گۆڤارەدا ئاماژە بە رووخانی کۆماری کوردستان کراوە.

لە پێوەندی لەگەڵ نووسینی بابەت بە زاراوەی کوردی خوارووداە، یەدوڵا ڕەزایی کە ئەودەم لە شاری گێلانی ڕۆژئاوا نیشتەجێ بووە، لە گۆڤاری گەلاوێژدا بابەتی نووسیوە کە ناوئاخنێک بووە لە شێعر و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی.

بەم جۆرە بە ئاماژە بەو بەڵگە مێژووییانە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵی کەڵورەکان لە کۆمەڵەی ژێکافدا و بگرە لە کۆماری کوردستانیشدا بەرچاو بووە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەوکات ئەو ناوچانەی کە ئەوان تیکۆشانیان تێدا هەبووە، لە ژێر کۆنترۆڵی کۆماردا نەبووە...

ئەمە گۆشەیەکی کەمتر بینراوی ئەو بزاڤە دوور و درێژەیە کە جێگەی خۆیەتی کاری زۆرتری بۆ بکرێ، ئێستا ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگترینی ئەو فاکتە ستراتیژیی و هەمیشەییانەن کە (کرماشان) دەکەنە یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکان لە ئاست هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا نەک هەر خۆرهەڵات:

**١- پێگەی ژیۆپۆلێتیکی و ژیۆستراتیژی:** شاری کرماشان پێگەیەکی تەواو ژیۆستراتیژی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا هەیە. لە ڕووی ژیۆپۆلێتیکەوە، پێگەکەی لە (ئامەد، هەولێر و کەرکوك) گرنگتر و پڕبایەخترە. خاوەن ڕووبەرێکی گەورەی زەویە و دانیشتووانەکەی نزیکەی (دوو میلیۆن کەس) ن. ئەم دوو ملیۆنە کاریگەری تەواویان بەسەر ناوچەکانی (ئیلام و لوڕستان و هەمەدان)ەوە هەیە کە لە خستنەڕووی هۆکارەکانی دواتردا بە تەواوی دەسەلمێت. ئەم شارە خاوەنی (چوارده) شار و شارۆچکەیە. پێگەی ژیۆستراتیژی و ژیۆپۆلیتیکی کرماشان بەجۆرێکە کە ناو جەرگەی خۆرهەڵاتە. لە باکوورییەوە پارێزگای سنەیە، لە خۆرهەڵاتییەوە پارێزگای هەمەدانە، لە باشووری خۆرهەڵات و باشوورییەوە پارێزگای خورەم ئاوا (لوڕستان)ە، هەر لە باشوورییەوە پارێزگای ئیلامە و لە خۆرئاواشییەوە باشووری کوردستانە.

بەمەش گرنگترین لینکی ستراتێژییە کە هەم (سنە و هەمەدان و لوڕستان و ئیلام) لە چەقی کرماشاندا بە یەك دەگەن و ناوەندی کرماشان دەتوانێت وەك سیمبۆلێکی سیاسیی و کلتوری و ئابووری و ئایینی کاریگەریان لەسەر دابنێ و هەم لە خۆرئاواشییەوە باشووری کوردستانە و بەمەش گەمارۆدانی کرماشان بە تەواوی ئەستەم دەبێت بۆ داگیرکەر.

هەر بۆیەشە، ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێران، کرماشان بە ناوەندی پارێزگاکانی (خۆراوای دەوڵەتی ئێرانی دەستکرد) ناو دەبات و، زۆریش بە ناوهێنانی (کوردبوون) ی کرماشان بێزارە؛ هەر ئەمەشە (لە لاوازی بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆرهەڵات)یش دابووە کە (موجاهیدینی خەلق و سەرانی شاپەرستەکان و تەنانەت دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندەکان)یش هەمیشە هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکی کرماشان بەلای خۆیاندا بدەن. هەروەها، پێگەی سەختی ژیۆپۆلێتیکی کرماشان بەجۆرێکە کە داگیرکەر ناتوانێت بەسانایی داگیری بکات، چونکە لە ڕووی هەڵکەوتەوە بە تۆبۆگرافیاییشەوە بە شاخی زۆر سەخت دەورە دراوە. ئەم دەورەدراوییەی بە تۆبۆگرافیای سەخت، بۆ دیاریکردنی پێتەخت و پاراستنی لە دوژمن سوودی هەمیشەیی هەیە، هەروەها تا ئەندازەیەکیش کەوتۆتە چەقی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، کە هەموو ئەمانە تایبەتمەندی ژیۆپۆلێتیکی زۆر ستراتیژیی و حەیاتین.

**٢- پێگەی بازرگانی:** ڕاستە پێگەی بازرگانی بەشێوەیەکی گشتیی لە چوارچێوەی ئابووریدایە. لەم ڕووەشەوە، شاری کرماشان پێگەیەکی تەواو ستراتیژی بازرگانی هەیە. ئەمە بۆچی گرنگە؟ بۆ ئەوەی ببێتە بەستەرەوەیەك لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریی وڵات و تەنانەت دەرەوەی وڵاتەکەشدا و وەك ناوەندێك لێی بڕوانرێت. شاری کرماشان بەهۆی بازرگانی نەوت و گازی سروشتییەوە، هێڵی بەستەرەوەی گرنگی لەگەڵ ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان (ئیلام و لوڕستان) دا هەیە. چونکە لەو ڕێگەیەشەوە نەوت هەناردەی جیهان دەکرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆ داهاتووش دەتوانێت هێڵی بەستەرەوەی گرنگی لەگەڵ (پارێزگای خوزستان و ناوچە عەرەبنشینەکان) دا هەبێت.

**٣- باڵادەستی کلتوریی و ڕەنگدانەوەی ڕەگەزەکانی زاگرۆس-نشین لە کرماشاندا:** شاری کرماشان کۆکەرەوەی زۆرینەی ڕەگەزەکانی کوردەوارییە لە خۆیدا. کرماشان یەکێک لە پڕبایەخترین کۆکەرەوەکانی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە ئاستی هەموو کوردستاندایە. پێکهاتەی یارسان لەم پارێزگایەوە سەرچاوە دەگرێ و تا هەڵەبجە و کەرکوك درێژ دەبێتەوە. (لەك و لوڕ) لەم پارێزگایەدا هەیە و بەتوندی لینکی گرێدانی لەگەڵ (ئیلام و لوڕستان و بەختیارییەکان) ی زاگرۆسنشینە. (سنجابییەکان و گۆران و هەرسینی) سێ ڕەگەزی تری کوردەوارین و لەم شارەدا پێگەی گرنگ پێك دێنن.

(کاکاوەنیی و پایرەوەنیی و هویزمانەوەنی) سێ ڕەگەزی سەرەکی سنووری کرماشانن و لە بنەڕەتدا سەر بە (هۆزی گەورەی هەمەوەند)ی چەمچەماڵن و بەشێکی تریان نەفی کراون بۆ خۆراسان و بەشێکیشیان لە سنووری لوڕستاندان و بەشێکیشیان لە کوردستانی باکوورن و هومایۆنییەکانیش هەر لەم هۆزەن.

هەورامییەکانی پاوە و نەوسوودیش هەر لە ناو سنووری ئەم پارێزگایەدان و چەقی هەورامانن. ئەمانیش بەشێکی گرنگی گرێدانی ئەم پارێزگایەن بە هەورامییەکانی کوردستانی باشوورەوە کە هەتا سلێمانی نفووزیان هەیە. بەو هۆیەی هەموو ئەم هۆزانە لە کرماشانەوە سەرچاوە دەگرن پارێزگاکە دەکاتە ناوەندێکی هەرە گرنگی پڕحەشیمەت بۆ جووڵانەوەی شاریی.

**٤- ڕەنگدانەوەی ئایینیی و ئایینزاکانی کوردستان لە کرماشاندا:** ئەم هۆکارەش کرماشانی کردۆتە ناوەندێکی (فرە بیریی و فرە ئایینیی)

**٥- لایەنی مێژوویی و شارستانیی و شوێنەواریی:** شاری کرماشان خاوەنی گرنگترین پێگەی شوێنەوارییە لە ئاست هەموو کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی بە دەوڵەت بوون دێتە ئەژمار. بە پێی ئەم فاکتەرانە و زۆر فاکتەری تر بۆمان دەردەکەوێ کە کرماشان وەک ناوەندێک و ئیلام و لوڕستانیش وەک گرێدراوی ئەو ناوەندە، گرینگییەکی حاشاهەڵنەگریی شۆڕشی ئەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی خۆرهەڵاتن و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئەو ناوچانە کەلێن و لەمپەڕی گەورە لە بەر دەمی ئەم بزاڤەن.

بۆیە بڕیاری شۆڕبوونەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە لە لایەن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، بڕیارێکی پڕ بایەخ و جێگەی ستایشە. شار وەک ناوەندی جووڵانەوە مۆدێڕنەکان گرنگییەکی وجوودی هەیە و پەلکاژۆبوونی ڕۆحیەی شۆڕشگێڕی بە نێونجی حزووری هێزی شاخ لەو ناوچانە یارمەتیدەر و لۆجیستیکی کاراکردنی هێزی شار دەبێ.

> **شار وەک ناوەندی جووڵانەوە مۆدێڕنەکان گرنگییەکی وجوودی هەیە و پەلکاژۆبوونی ڕۆحیەی شۆڕشگێڕی بە نێونجی حزووری هێزی شاخ لەو ناوچانە یارمەتیدەر و لۆجیستیکی کاراکردنی هێزی شار دەبێ**

# ٢١ی خەرمانان، وەرچەرخانێک لە خەباتی نوێی کوردستان

ئاژوان مەریوان

لە ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانانـدا، بنکەکانی حیزبی دیموکرات لە لایەن شۆڤێنیزمی دەسەڵاتدار لە ئێران مووشەکباران کرا، هەروەها سێ لاوی شۆڕشگێڕی کورد لەسێدارە دران. ئەوە خۆی لە ناخی خۆیدا هەڵگری پەیامێکی قووڵ و مێژوویی بۆ گەلی کوردە کە ئەم پەیامە لە دوو ڕوانگەی دوژمنەوە بۆ سەر کوردستان سەرچاوە دەگرێت؛ یەکەمین هۆکار، ڕق و دوژمنایەتیی مێژوویی لەگەڵ نەتەوەی کوردە کە لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەر کاری ڕێژیمی تاران دەستی پێکردووە و تا هەنووکەش درێژەی هەیە. خاڵی دووهەم، بەردەوامیی بێپسانەوەی خەبات و بەرخۆدان لە کوردستان، دوای بڕینی هەوراز و نشێوەکانیەتی. ئەم دوژمنایەتییە مێژووییەی سەردەست لەگەڵ بندەستدا نەک لەمەڕ داخوازییەکان و ویستەکانی گەلی کورد، بەڵکوو سەرچاوەی لە دژایەتی لەگەڵ بوونی کورددا هەیە، بوونێک کە بوونی خۆی لە بندەستیی نەتەوە داگیرکراوەکانیدا پێناسە دەکات و بە تێکچوونی ئەم ترازە، پێوەندیی نێوان سەردەست-بندەست تێک دەچێت، هەر بۆیە داگیرکەر هەستی بەو مەترسییەی کردووە کە بە تێکچوونی پێوەندیی داگیرکەر- داگیرکراو، پێوەندیی نێوان ئەو دووانە تێک دەچێت و چیدی واتایەک بۆ بوونی خۆی نامێنێت. هەروەها داگیرکەر بەم هێرشەی خۆی بۆ سەر ڕۆڵەکانی کورد، ویستی دوو ئامانج بپێکێت کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوو؛ یەکەم بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵک بوو لەسەر شەپۆلی نوێی زەخت و گەمارۆکانی ئامریکا، دووهەم چاوترسێنکردن و پێشگرتن بە خەباتی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە تازە چرۆی کردبوو. پاش ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی «ڕاسان»، بەرخۆدان و خەبات لە کوردستان چووە قۆناغێکی نوێ. تێئۆری و پراکتیکی ڕاسان لە شاخدا یەکی گرتەوە و شار بووەتە چەقی ئەم خەباتە نوێیە. مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانـدا، وەکوو نموودێک لە ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەنتێزی خەباتی مێژوویی گەلی کوردە. ئەگەر بەرگری و خەباتی گەلی کورد وەکوو دژەتێزی کورد لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەر بۆ سەر کوردستان لەبەر چاو بگرین، خەباتی جەماوەری و یەکدەستی ٢١ی خەرمانان، دژەتێزێکی نوێیە لە سەنتێزی خەباتی ڕۆژهەڵات کە قۆناغێک لە پرۆسەی تەکامولی خەبات لە ڕۆژهەڵاتدا بەرەو پێش چووە، ئەم قۆناغە نوێیە لە خەباتی کوردستان، هەڵگری کۆمەڵێک لە هەمان ئەرزش و تایبەتمەندییە پێشووەکانی خەبات لە دەیەکانی ڕابردوودا و هەندێک تایبەتمەندیی نوێ بەپێی پێویستیی مێژوویی خۆیەتی کە پێویستیان بە دووبارە خوێندنەوە و پێناسەکردن لە گۆڕەپانی نوێی ڕۆژهەڵاتدا هەیە. لە تایبەتمەندییە نوێیەکانی قۆناغی تازەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، زاڵبوونی گوتارێکی نەتەوەیی، دژەداگیرکەر و بەربڵاوە کە وێڕای پاراستنی خاڵە هاوبەشەکان لە کۆمەڵگەی ڕەنگاوڕەنگ و فرەڕەهەندی کوردستاندا، ڕەچاوی جیاوازیی بیر و بۆچوونەکان و ڕەنگەکانیش دەکات، هەر بۆیە مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانـدا، دەکرێت وەکوو دەستپێکێکی نوێ لە قۆناغی نوێی خەباتی یەکگرتوو و جەماوەریی خەڵکی کوردستان بەئەژمار بێت و ببێتە سەرەتایەک بۆ پێکەوەبوون و ڕۆحی بەرخۆدانی نەتەوەیی کورد لەو بەشە لە وڵاتەکەیدا.

# چاوخشاندنێک بە پێگە و هێزی وڵاتان لە ئاستی جیهانیدا

موختار نەقشبەندی

بەسەرنجدان بە ڕووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم هەتا ئێستا دەبینین کە لە بابەتە جیهانییەکاندا هێزی وڵاتەکان قسەی یەکەم و کۆتایی دەکەن و بابەتی یاسایی و دامەزراوە نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤییەکان کاریگەرییەکی زۆر کەمیان لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەبووە و زۆرتر وەک کەرەستەیەک کەڵکیان لێ وەردەگیردرێت و تەنانەت لە وڵاتانێکدا کە لە چوارچێوەی سنوورەکانیان بەڕێژەیەکی بەرچاو دێموکراسی و پرسە مافە مرۆڤییەکان ڕەچاو دەکەن و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە بوارەکانی ئابووری و ئەمنییەت لە وەبەرایەتیدایە بۆیان. بەبێ ناسینی درووست و زانستی لە پێکهاتەی سیاسی جیهان، ئیمکانی پێشکەوتن و پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایش نییە، وڵاتانێک کە ناسینێکی ورد و باشیان لە پێکهاتە جیهانییەکان نەبووە یان بابەتێکی ئیدئۆلۆژی و هەستیار بووەتە ڕێگر لەبەردەم بەراوردکارییەکی دروست لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیان و ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بوونەتەوە.

بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتانێکی وەک ڕێژیمی ئێران و کۆرەی باکوور و کوبا بکەین، کە دەیانویست دەست بەسەر هەموو جیهاندا بگرن، سیستمی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی جیهان بگۆڕن، بەڵام دوای دەیان ساڵ ئێستا بۆ دابینکردنی پێداویستی و داخوازییە سەرەتاییەکانی خەڵکی وڵاتەکەشیان دۆشداماون.

هەرچەندە ڕێبەران و بەرپرسانی ڕێژیم و میدیا و بڵاوکراوەکانی سەر بە خۆیان هەمیشە باس لە هێز و پێگەی گرینگی ئێران لە جیهاندا دەکەن، بەڵام ئامار و ژمارەکان دۆخی ئێران بە شێوەیەکی دیکە نیشان دەدەن!

ئێران چ پێگەیەکی لە دنیادا هەیە و هێزی ئێران چەندیە؟ بە لەبەرچاوگرتنی سنووردداربوونی مەودا بۆ نووسینی بابەتێک، چاوخشاندنێکی گشتی بە پێگە و هێزی وڵاتانی جیهانی و هەروەها ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکەین.

**هێزی وڵاتەکان بە چ بابەتگەلێکەوە بەستراوە؟**

بەشێوەیەکی گشتی خەڵک هێزی وڵاتێک تەنیا لە هێزی نیزامی و سەربازیدا دەبیننەوە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا هێزی وڵاتێک پەیوەندی بە فاکتۆرگەلێکی زۆرەوە هەیە، کە هێزی نیزامی بەشێک لە هێزی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت، لە بەرهەمی ناپەتی نێوخۆییەوە بگرە هەتا ڕێژەی حەشیمەت و پێگەی جوگرافیایی و ژێرخانە سروشتییەکان و تەکنەلۆژی هەتا بابەتە ئیدئۆلۆژییەکان و هێزی نیزامی و... لە هێز و پێگەی جیهانی وڵاتێکدا کاریگەری هەیە. زۆرێک لەم خاڵانەی کە ناویان هێنراوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بۆ نموونە هەرچەند کە هێزی ئابووری وڵاتێک زۆرتر بێت دەتوانێت بودجەیەکی زیاتر بۆ بابەتە نیزامییەکانی تەرخان بکات و هێزی نیزامیشی بەهێزتر دەبێت. لە درێژەدا بەشێوەیەکی کورت و پوخت ئەو خاڵانەی سەرەوە کە ناویان هێنراوە شی دەکەینەوە.

**هێزی ئابووری:** بەهەمان شێوە کە ئاماژەی پێدرا هەرچەنێک بەرهەمی ناپەتی نێوخۆیی وڵاتێک لەسەرەوە بێت دەتوانێت بودجەیەکی زۆرتر بۆ بابەتە نیزامی و تێکنۆلۆژییەکان و... تەرخان بکات و هێزی ئەو وڵاتە لە ئاستی جیهانی بەهێزتر دەبێت، هەروەها لە ڕێگەی گوشارە ئابوورییەکان و تەنانەت هاندەرانی ئابووری بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ئابوورییەکی بەهێزیان هەیە هەندێک جار وەک ئامرازێک بۆ سزادان لەبەرامبەر کارێکی خراپ کەڵکی لێوەردەگرن. بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٨ی بانکی جیهانی بەرهەمی ناپەتی نێوخۆیی جیهان، ٨٥٧٩١ میلیارد دۆلارە کە ئامریکا بە هەبوونی ٢٠٤٠٠ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتی نێوخۆیی گەورەترین هێزی ئابووری جیهانی هەیە، بەو واتایەی کە نزیکەی ٢٤ لەسەدی کۆی گشتی بەرهەمی ناپەتی جیهان هی ئامریکایە!

هەروەها وڵاتی چین بە هەبوونی ١٣٦٠٠ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتی لە پلەی دووهەمدایە. هەموو وڵاتانی ئورووپایی بەرهەمی ناپەتییان ئەندازەی وڵاتی چین نییە، لە نێوان وڵاتە گرینگەکانی جیهان دەتوانین ئاماژە بە ژاپۆن بە هەبوونی ٤٩٠٠ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی و ڕووسییە بە هەبوونی ١٦٥٧ میلیارد دۆلار و هێندوستان بە هەبوونی ٢٧٠٠ میلیارد دۆلار بکەین؛ هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وڵاتی عەرەبستانی سعودی بە هەبوونی ٧٨٢ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی و وڵاتی تورکیە بە هەبوونی ٧٦٦ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی گەورەترین و بەهێزترین ئابوورییان لە ناوچەکەدا هەیە و ڕێژیمی ئێران بەهەبوونی ٤٥٤ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ناویان هێنراوە، هێزێکی ئابووری بچووکی هەیە و بە لاواز هەژمار دەکرێت.

هۆکاری ئەوەی کە کاتێک ئامریکا هۆشداری بە وڵات و شیرکەتە جیهانیەکان دەدات کە یان لەگەڵ ئامریکا پێوەندی بازرگانییان هەبێت یان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و هەموو وڵات و شیرکەتەکان ئامریکا هەڵدەبژێرین، ئەوەیە کە ئابووریی ئامریکا بە نزیکەی ٤٤ قاتی ئابووریی ئێرانە و بە دڵنیاییەوە هەموو شیرکەتەکان بازاڕی ئامریکا هەڵدەبژێرن، هەڵبەت مەترسی سزا ئابوورییەکانی ئامریکاش هەیە بەڵام هۆکاری سەرەکی بەهێزیی ئابووریی ئامریکایە. جێگای ئاماژە پێدانە کە بەهێزی و گەورەیی ئابووریی وڵاتێک بە واتای باشی دۆخی ئابووریی خەڵکی ئەو وڵاتە نییە و دۆخی ئابووریی خەڵک بە چەندین فاکتۆرەوە بەستراوەتەوە، لەوانە باجی بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی، بەداخەوە هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و کارناسان لە میدیاکاندا بێ گرینگی دان بە باسی باج وماڵیات تەنیا بە ئاماژەدان بە بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدەن کە ئەوە بە بەردەنگەکانیان بگەیەنن کە دۆخی ئابووریی خەڵکی ئێران لەچاو وڵاتانێکی زۆری دیکە باشە و ئابووریی ئێران جێگایەکی گرینگی لە ئاستی جیهانیدا هەیە تەنانەت زۆر لەسەرترە لە وڵاتانێکی دەوڵەمەندی وەک نۆروێژ و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی!

ڕاستییەکان شتێکی دیکەن، وڵاتی نۆروێژ بە داهاتی ٤٣٤ میلیارد دۆلار لە بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی، بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی هاوشێوەی ئێرانی هەیە بەڵام ئێران ڕێژەی حەشیمەتەکەی ٨٥ میلیۆنە و نۆروێژیش ٥ میلیۆن و نیوە و ئەمە بە واتای ئەوەیە کە سەرانەی بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی هەر نۆروێژییەک ١٦ بەرامبەی هەر هاووڵاتییەکی ئێرانە! جێگای ئاماژەپێدانە کە سەرانەی بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆییش بۆ بەهێزی وڵاتێک گرینگە چونکە هەرچی سەرانەی وڵاتێک زیاتر بێت و خەڵک لە خۆشگوزەرانی زیاتردا بن دەتوانن ماڵیاتێکی زۆرتر بدەن و دەوڵەت بودجەیەکی زیاتری لە بەردەستدا دەبێت هەتا لە بەشەکانی نیزامی و پەروەردەیی و تەکنەلۆژیایی و... بەکاری بهێنێت؛ بەڵام گەورەیی بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی زیاتر لە سەرانە، کاریگەری لەسەر هێزی وڵاتێک لە ئاستی جیهانیدا هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئاماری بەرزی ڕێژیمی ئێران نەتەنیا لە ئاستی جیهانیدا بە زلهێزێک لە بواری ئابووریدا بەهەژمار نەیەت، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەییشدا مەودایەکی زۆری لەگەڵ عەرەبستان و تورکیەدا هەیە و بەهۆی دارمانی ئابووری و گەمارۆکانی ئامریکا کە لەوانەیە بەم زوانە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیش بە هەبوونی ٤١٤ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی و ئیسرائیل بە ٣٦٩ میلیارد دۆلار بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی پێش ڕێژیمی ئێران بکەون و ئەم بابەتەش لە درێژماوەدا کاریگەری نەرێنی زۆر لەسەر جێگە وهێزی ڕێژیمی ئێرانی لە ناوچەکە و جیهاندا دەبێت.

**هێزی نیزامی:** هێزی نیزامی وڵاتەکان بەستراوەتەوە بە چەندین فاکتۆر و لەوانەش چەندییەت و چۆنیەتی چەکوچۆڵی نیزامی «متعارف و غیر متعارف». مەبەستمان لە چەکی «غیرمتعارف» چەکە قەدەغەکراوەکان و کۆمەڵکوژەکانی وەک چەکی ناوکی و شیمیایی و میکرۆبی و.. هتدە، کە گرینگترینیان چەکی ناوکییە کە کاریگەری زۆری لەسەر هێزی وڵاتەکان هەیە و بەهێزتریان دەکات.

دامەزراوەگەلێکی جیاوازی هێزی نیزامی، وڵاتەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و شرۆڤە دەکات، بۆ نموونە دامەزراوەی ئاشتی ستۆکهۆڵم ناسراو بە «سیپری» لە دواراپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە ٩ وڵاتی خاوەن چەکی ناوکی واتە ئامریکا، ڕووسیە، چین، بریتانیا، فەڕانسە، هیندوستان، پاکستان، ئیسرائیل و کۆرەی باشوور لە سەرەتای دەستپێکی ساڵی ٢٠١٩ەوە بەکۆی گشتی ١٣٨٦٥ چەکی ناوکییان هەبووە کە ٩٠ لەسەدی ئەم چەکانە لە ژێردەستی ئامریکا و ڕووسیەدایە و هەروەها چۆنایەتی کڵاوە ناوکییەکانیشیان لە باقی زلهێزەکانی دنیا باشترە. هەروەها ئامریکا و ڕووسیە بە هەبوونی کەلوپەلی پێشکەوتووتری هەڵگری کڵاوە ناوکییەکان (بۆمبهاوێژی ستراتیژی و ژێردەریایی ستراتیژی و موشەکە دوورهاوێژەکان) هێزی ناوکیان زۆر جیاوازترە لە باقی هێزە ناوکییەکان کە هەتا ئاستێک هەر کامیان بەتەنیا توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهانی هەیە یان لەوانەیە باشتر بێت کە بڵێین هەر کامیان بە تەنیایی توانای لەناوبردنی ژیانیان لەسەر زەوی هەیە؛ هەڵبەت لە شەڕێکی گەورەی ناوکی هەموو مرۆڤایەتی خەساری بەردەکەوێت، کاریگەری چەکە «غیرمتعارفەکان» لەسەر هێزی نیزامی وڵاتەکان و بەگشتی لەسەر جێگە و هێزی وڵاتەکان زۆرە، بۆ نموونە وڵاتانی بواری یۆرۆ بە هەبوونی ئابوورییەکی ٨ بەرامبەر گەورەتر لە ئابووریی ڕووسیە و لە کۆی گشتی هێزە نیزامییە «متعارف»ەکان بەهێزتر لە ڕووسیە و بە هەبوونی ٢ زلهێزی چەکی ناوکی بریتانیا و فەڕانسە هێشتا بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆیان پەنا دەبەنە بەر ڕووسیە و ئامریکا.

لە ڕیزبەندی هێزە «متعارف»ە نیزامی وڵاتەکان لەلایەن دامەزراوەی گلۆباڵ فایەر پاوەر، ئامریکا و ڕووسیە و چین لە پلەی یەکەم هەتا سێهەمدان و ئێران لە پلەی ١٤ دایە و ئیسرائیل لە پلەی ١٧ و عەرەبستان لە پلەی ٢٥ دایە، هەڵبەت لەم ڕیزبەندییەدا بابەتگەلێکی زۆری وەک جوگرافیا و هێزی ئابووری و ژێرخانە سروشتییەکان، وزە و حەشیمەت لەبەرچاوگیراوە کە بەبەراورد لەگەڵ ٢ وڵات بە تایبەتی لە شەڕێکی مەوداکورتدا ئەم باڵانس و ڕیزبەندییە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە شەڕی نێوان ڕێژیمی ئێران و عەرەبستاندا چونکە سنووری زەوینی هاوبەشیان نییە و عەرەبستان بەهۆی ئەوەیکە هێزە ئاسمانییەکەی بەهێزترە لەوەیکە لە سەر کاغەز نووسراوە ڕوون دەبێتەوە و هەروەها وڵاتی ئیسرائیل بەهۆی مەودای زۆرەوە زیانگەلێکی قورستر لە ئێران دەدات، هەڵبەت لە هەر شەڕێکدا ئەگەری ئەوە هەیە کە وڵاتانی هاوپەیمان بەشداری شەڕەکە بکەن و ئێران کە تەنیا چەند گرووپێکی تیرۆریستی وەک هاوپەیمان هەیە و هیچ وڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا پشتیوانی ناکات، ڕێژیمی ئێران بە ئاکار و قسە و دروشمەکانی کارێکی کردووە کە دەتوانین بڵێین هەموو وڵاتانی ڕکەبەری ئێران پێکەوە ببنە هاوپەیمان و بە پەیمان و ڕێککەوتنی نیزامی و ئەمنیەتی ٢ لایەنە و چەند لایەنە تەنانەت لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی وەک ئامریکا و فەڕانسە و بریتانیا هێزیان چەند بەرابەر ببێتەوە و ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی کردەیی بەهۆی سیاسەتەکانی خۆیەوە لاوازتر بووە.

لەپاڵ هێزی ئابووری و نیزامیدا بابەتی سیاسی و ئیدئۆلۆژی و فەرهەنگیش کاریگەری زۆریان هەبووە و دەبێت، لە دەیان ساڵی ڕابردووەوە ئامریکا لە ڕێگای میدیاوە کاریگەری زۆری لەسەر بیروڕای گشتی جیهان و تەنانەت وڵاتانی دوژمنیش هەبووە، کەڵکوەرگرتنی ئامرازئاسا لە ئیدئۆلۆژی و بابەتی فەرهەنگی و تەنانەت کەڵکوەرگرتنی ئامرازئاسا لە بابەتی دێموکراسی و مافی مرۆڤی لەلایەن هەموو وڵاتەکانەوە بەکاردەهێنرێت و دزەکردنی ڕێژیمی ئێرانیش لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕێگەی کەڵکئاوەژووی لە بیروڕا جیاوازەکانی ئایینی بووە. هەموو وڵاتەکان تەنانەت وڵاتانی دێموکراتیکیش بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنیەتییەکانی خۆیان لە هەموو شتێک کەڵک وەردەگرن و تەنانەت لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیشیاندا شاهیدی بوونی چەند بەرە لە نێو وڵاتانی جیهانیدا بەهەبوونی بیروڕای جیاوازی سیاسییەوە هەین، ڕێژیمی ئێران وڵاتێکی زلهێزی جیهانی نییە و تەنیا یەک زلهێزی ناوچەیییە و بە سیاسەتە هەڵەکانی بەشێوەیەکی کردەیی لە حاڵی بەزینێکی گەورە لە ناوچەکەدایە و لە ڕکابەرایەتییە جیهانییەکانیشدا زیاتر دوا دەکەوێت و هۆکارە سەرەکییەکەشی سیاسەتە هەڵەکانی دەرەوە و لاوازی ئابووری و بەزین لە شەڕی ئابووری و شەڕی سارد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبێت، ئابووریی جیهانی بەشێوەیەکی گشتی لە حاڵی گەشەسەندندایە بەڵام ئەم گەشەکردنە لە هەموو شوێنەکان یەکسان نییە و وڵاتانی جیهانی سێهەم بە خێراییەکی زۆرتر گەشە دەکەن و ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە بە تێپەڕینی کات، هەرچەندە کە مەودای نێوان وڵاتانی خاوەن ئابووری گەورە کەم دەبێتەوە، لە درێژماوەشدا لە دەیەکانی داهاتوودا دەبێتە هۆی گۆڕینی باڵانسی هێز لە ئاستی جیهانیدا.

بۆ نموونە چین ئەگەر هەر بەم شێوەیە پێش بکەوێت و لە داهێنانی ئابووری بەردەوام بێت تا نزیکەی ساڵی ٢٠٣٠ داهاتی ناپەتیی نێوخۆیی لە ئامریکا زیاتر دەبێت و ئەمە بەو واتایەیە کە بودجەیەکی زیاتری بۆ بابەتە نیزامییەکان و دەستێوەردان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا دەبێت. وڵاتانی وەک هێند و بڕێزیلیش لە دەیەکانی داهاتوودا ئابوورییەکی گەورەتریان لە وڵاتانێکی وەک ئینگلیس و فەڕانسە دەبێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر هاوکێشە جیهانییەکان و تەنانەت پێکهاتەی شۆرای ئەمنییەت دەبێت.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەداخەوە بەهۆی شەڕە نێوخۆیی و مەزهەبییەکان و شەڕی ساردی وڵاتەکان بەشێکی گرینگ لە داهاتی بەرهەمی پەتی نێوخۆییان لە بابەتە نیزامییەکاندا خەرج کردووە و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابوورییان هەبووە، بەڵام ئێران و سووریە زیاتر لە هەموو وڵاتانی دیکە تووشی زەرەر بوون، هەر ئێستا سەرەڕای خەرجییە زۆرەکانی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات لەبواری نیزامیدا ئەم وڵاتانە باری ئابوورییان هەرچەند کەمیشە، گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ڕێژیمی ئێران بەهۆی گەندەڵی زۆری ئیداری و گەمارۆکانی ئامریکا لەگەڵ داڕمانی ئابووری بەرەوڕوو بووەتەوە و درێژەی ئەم دۆخە، ڕێژیمی ئێران لەپێوەندی لەگەڵ پاراستنی پێگەکەی و بوونی لە وڵاتانی دیکە لەوانە سووریە تووشی کێشە دەکات.

دواکەوتوویی ڕێژیمی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانی و ڕکابەرەکانی لە ٤٠ ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لەپاڵ سەرکوتی خەڵک و هەڵاواردنی فراوانی نەتەوە و ئایینییەکان، دەستیان بە ئینقلاب و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا کردووە و داهات و سامانی خەڵکی ئێرانیان لە ڕێگای ئیدئۆلۆژی ڕێژیمدا بەفیڕۆ داوە، ٤٠ ساڵی ڕابردوو ئێران بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی لە وڵاتی کۆرەی باشوور زیاتر بووە و ئێستا کۆرەی باشوور بە ١٦٠٠ میلیارد دۆلار داهاتی بەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی هەیە کە بەبێ شەڕ و دەستێوەردان لە ڕێگای بەرهەمهێنانەوە جێگە و پێگەیەکی باشتری لە ڕێژیمی ئێران لە ئاستی جیهانیدا هەیە، قوڵیی ستراتیژی ڕێژیم لە دەستێوەردان و بوونی لە وڵاتانی ناوچەکە تەنیا بووەتە هۆی ئەوەیکە زیاتر لە پەراوێز بخرێت و گوشارێکی زیاتری ئابووری لەسەر بێت و زۆرتر دواکەوتوو بێت، تەنانەت لە کاتی ڕوودانی هەر شەڕێکیشدا جگە لەوەیکە ڕێژیمی ئێران زیانی زۆرتری بەربکەوێت هیچ قازانجێکی دیکە ناکات.

تەنیا ڕێگا بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانی خەڵکی ئێران لەناوچوونی ڕێژیمی ئیسلامی و جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکرات و ناناوەندگەرایە هەتا هەموو خەڵک بەبێ بوونی هیچ هەڵاواردنێکی مەزهەبی و ڕەگەزی بتوانن بە کار و هەوڵەکانیان و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەی «هنگفت»ی ئێران لە ڕێگای گەشەسەندنی ئابووری و پەیوەندی دروست لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بە جێگە و پێگەیەکی باشتری جیهانی بگەیەنن و بە ئەمنییەت و خۆشگوزەرانی جێگەی ئێران لە ئاستی جیهانیدا بەرز بکەنەوە.



> **دواکەوتوویی ڕێژیمی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانی و ڕکابەرەکانی لە ٤٠ ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لەپاڵ سەرکوتی خەڵک و هەڵاواردنی فراوانی نەتەوە و ئاینییەکان، دەستیان بە ئینقلاب و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا کردووە و داهات و سامانی خەڵکی ئێرانیان لە ڕێگای ئیدئۆلۆژی ڕێژیمدا بەفیڕۆ داوە،**

# «کۆچەر بیرکار» دیسان بە سەری کردینەوە

**حەسەن ساڵحزادە**

ساڵی ڕابردوو لە میانەی ڕەکابەریی بردنەوەی خەڵاتی فیڵدز لە بواری بیرکاریدا، ناوی کۆچەر بیرکار هاتە دەرێ و لەو ساتەوە کۆمەڵگەی کوردی وەک زانایەکی هەڵکەوتە لێی دەڕوانن. لێهاتوویی و کارامەیی ئەو بلیمەتە زۆربەی ناوەندە کوردییەکانی بڕیار، لە بچووکەوە هەتا گەورەی ئەرکدار کردووە کە لە ئاست وەها سەرکەوتنێکی گرینگدا بێدەنگ نەبن. لە حاڵێکدا کە هاونیشتمانیان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بەردەوام خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی و ناوەندگەلی کولتووری و زانستی جۆراوجۆریان بە ناویەوە دەکردەوە، بلیمەتی زانا «کۆچەر بیرکار» لە ناکاو جارێکی تر وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی زانستی بیرکاریدا درەوشایەوە و دڵی میلیۆنان کوردی دووبارە گەشاندەوە. وەک دیمان جارێکی تر ناوی بیرکار توانایییەکانی بەرۆژ کرانەوە و لە نێو ٥٠ بیرمەندی گەورەی جیهاندا، پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. بەمجۆرە شانازییەکی گەورەی دیکەی بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد و هەروەک بیرکار خۆی ویستبووی، بزە کەوتەوە سەر لێوی گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی سەر گۆی زەوی. هەروەک دیمان، یەک ساڵ لەمەوبەر، دوای ئەوەی کە ناوی کۆچەر بیرکار سەرتۆپکی میدیاکانی جیهانی داگیر کرد و ئاوازەی بڵاو بوویەوە، کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەک ڕێز و وەفایەک بە گەرمی پێشوازیان لێکرد. بۆ وێنە، لە باشووری کوردستان، بە مەبەستی بەرزنرخاندنی زانایی و لێوەشاوەیی بیرکار و بۆ ئەوەی کە بیری بکرێتە ڕێبازی نەوەکانی داهاتووی لاوانی کوردستان، حکومەتی هەرێم لە بەرزترین ئاستدا و بە یارمەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا، وێڕای خەڵات بەخشین، پێشوازیان لە بیرو بۆچوونەکانی مامۆستا کۆچەر کرد و لە کۆڕێکی بەریندا گوێیان لە پێشنیار و ئاماژگارییەکانی گرت. لە درێژەدا ئەنستیتۆ کۆمەڵایەتی و زانستییەکان، لایەن و ڕەهەندە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە پێی توانا چەپکەگوڵی خۆشەویستی و ئەوینیان لە بەرۆکی ئەم ڕۆڵە سەربەرزەی نیشتمانەکەیان دا و بەمجۆرە وەڵامی ئەمەگناسیان بە پەیامەکەی دایەوە. ئاخر ئەوان دەیانزانی کە بیرکار خەڵاتەکەی پێشکەش بە ٤٠ میلیۆن کورد کرد، هەتا بەشکم بتوانێ بزە بخاتە سەر لێوەکانیان. لە بەرانبەردا قورسایی و ئاراستەی خەڵاتەکە کە پێشکەش بە گەلی کورد کرا لە لایەک و مەسەلەی شوناسی نەتەوەیی خودی مامۆستا بیرکار لە لایەکی ترەوە، دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەم باسەدا بە وشیاری تاراند و سەری لێ شێواندن. بەوحاڵەش بەرپرسە ئێرانییەکان نەیانتوانی هەڵوێستی خۆیان بشارنەوە.

وەک بینرا، میدیاکانی حکومەت سەرکەوتنەکەی بیرمەند کۆچەر بیرکاریان لە سێ ئاراستەوە خستە بەرباس کە ئەم تەوەرانەی لەخۆ گرتبوو: هەوڵی چەواشەکاری، پەنابردنە بەر بێڕێزی و پێداهەڵگوتنی دووڕوویانە. تەنانەت شەبەکەی خەبەری سەر بە دامودەزگای ڕێژیم بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خۆی کردە دەنگوڕەنگی بنەماڵەی بیرکار و لە ڕۆڵی خانەخوێدا یاری کرد. لەو بەرنامەیەدا هەواڵنێر بە سەرسامی لاپەڕەکانی سەردەمی منداڵی بیرکاری هەڵدەدایەوە و بە ڕواڵەت زۆر لەوە خۆشحاڵ بوو کە بە بۆنەی ئەم ڕێکەوتەوە خەڵکی کوردستان بزەیان وەسەر لێو کەوتووە. سەیر لەوەدایە کە هەمووان لە بەرنامەو ئامانجەکانی شەبەکە خەبەر ئاگادارن، کاناڵێک کە ئەرکی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ئێرانی لەمەڕ بەرەوپێشبردنی بیری بەرتەسکی ویلایەتی فەقیهـ و شێواندنی بیروڕای گشتی پێدراوە. هەر لەم سۆنگەوە تا ئێستا چەندین بەرهەمی بەڵگەیی چەواشەکارانەی سەبارەت بە بزووتنەوەکانی کوردستان و کولتووری خەڵکی کورد بڵاو کردۆتەوە کە هەر هەموویان لە درۆ و بوختان زیاتر هیچی دیکەیان بۆ کۆمەڵگەی کوردستان بە دیاری نەهێناوە. نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، کە زانیان کەشوهەواکە لەبارە، خۆیان لە ئاو و ئاور دا و بێ ئەوەی هەست بە مەترسی بکەن، بە ئاشکرا پڕژانە سەر مەسەلەی سەرکەوتنی بیرکاری کورد. ئەوان لە پێهەڵگوتنەکەیاندا ئەوەندە بەرەوپێشچوون کە چەندین جار لە دەستەواژەی بڤەی «ملت کورد» کەڵکیان وەرگرت. بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی پاسیڤی دەرەکی ئێرانی کە هیچ کات چاویان بەرایی دیتنی گەشەی کوردستانی نەکردووە، بە بیستنی هەواڵی بیرمەندی کورد بە خۆیاندا هاتنەوە و هەڵوێستی جۆراوجۆریان نواند. بڕێکیان دوای چەند نەسڵ بوونە بربڕەی پشتی بیرکار و خۆیان بە ڕەچەڵەکی کوردەوە گرێ دا و بەشێکیشیان وێڕای نفرەت و بێزاری، کۆچەر بیرکاریان بە بێ ئەمەگی تاوانبار کرد کە چۆن ڕێگەی بە خۆی داوە بە بێ ئیزنی نەتەوەی باڵادەستی دەسەڵاتدار بە ناسنامەی کوردستانییەوە لە گۆڕەپانە زانستییەکان ئامادە بێ؟

شایانی باسە، ڕۆژی سێشەممە، ١٢ی خەرمانان، دامەزراوەی «پرۆسپێکت»، براوەی پێشبڕکێی ٥٠ کەسایەتیی ناوداری جیهانی بۆ بەدەستهێنانی نازناوی «بیرمەندی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٩»ی ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد کە «کۆچەر بیرکار»، مامۆستای کوردی زانکۆی «کامبریجی بریتانیا»، وەک یەکەم بیرمەندی ساڵ، هەڵبژێردراوە. بەمجۆرە ئاوازەی بیرکاری بیرمەند جارێکی تر دەنگی دایەوە و بەسەری کردینەوە هەتا بزە وەسەر لێوی کوردەکان بخاتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی فەرمیی دامەزراوەی «پرۆسپێکت»، دەیان هەزار کەس بەشدارییان لە دەنگدانی ئینتەرنێتیی ئەم دامەزراوەیەدا کردووە و لە کۆتاییدا ئەم بیرکارە کوردە، وەک کەسی یەکەم دەرچووە و نازناوەکەی بردووەتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەو دامەزراوەیەدا هاتووە: «بیرکار کوردێکی ئێران و هی گەلی یەکێک لەو چوار پارچەیەیە کە خاوەن دەوڵەتی خۆیان نین، ئەو گەلەی کە هەموو کات وڵامی داخوازییەکانیان بۆ مافی نەتەوەیی، بە مستی ئاسنین دراوەتەوە».

«کۆچەر بیرکار»، بیرکارێکی هاوچەرخی کوردە کە ساڵی ١٩٧٨ی زایینی، لە گوندی «نێ»ـی سەر بە شاری مەریوان لەدایک بووە و لە ئێستادا لە زانکۆی «کەمبریج» پرۆفیسۆری بیرکارییە. ناوبراو بە ناوی «فەرەیدوون دەرەخشانی» ڕووی لە هەندەران کرد، بەڵام زۆر بیرمەندانە ناوی خۆی بۆ «کۆچەر بیرکار» گۆڕی. ئەو ناوەی کە چەند مانای لێ دەکەوێتەوە: ئەو بە شانازییەوە کوردە، کۆچی کردووە و لە هەمان کاتدا بیرکاریشە.

ئێستا ئەگەر کۆچەر بیرکار لە حەوزەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ژیانی بەسەر ببردایە و وەکوو جاران بە پێناسەی «فەرەیدوون دەرەخشانی» بناسرایەتەوە، ئایا دەیتوانی خاوەنی ئەو بەرهەمە زانستییە بەناوبانگە بوایە کە پێی بەخشراوە؟ ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕەوتی سیستمی خوێندکاری و پێکهاتەی سیاسی ئێران وەڵامی ئەم پرسیارەمان بە نەرێنی دەداتەوە. چونکە:

- لاوانی کورد بۆ درێژەدان بە خوێندن دەبێ لە تونێلە پێچاوپێچ و تاریکەکانی کونکووری سەرانسەرییەوە تێپەڕن، کە لە هیچ یەک لە گۆڕەپانەکاندا لەگەڵ لاوانی پارێزگا پرێمکاناتەکانی دیکەدا خاوەن دەرفەت و شانسی بەرانبەر نین.
- لە ناو سیستمی خوێندکاری ئێراندا، سیاسەتی هەڵاواردن و دووچاوەگی بە ئاشکرا ڕەچاو دەکرێ و لە ئاکامدا «کۆچەر بیرکار»ەکان لە گەڵ ئەوەیکە خاوەن بەهرەو توانان، کەچی بە ساناهی پشتگوێ دەخرێن.
- لە میانەی ڕکابەری و کێبەرکێ جیهانییەکاندا، بەرپرسانی ئەم بوارە، بەر لەوەی کە پشت بە لێهاتوویی تاکەکان ببەستن، مەسەلەی شوناس و بیروباوەڕی شەخسی و ئایینی بەشداربووانیان بەلاوە گرینگترەو کەسانی خۆیی خۆیان وەپێش دەخەن.
- بەرپرسانی ئەم بوارە، لە بەر ئەوەیکە لە گۆڕەپانە جیهانییە زانستییەکاندا فێڵوتەڵەکە بەکاردێنن، تەنیا متمانەیان بە بژاردەکانی خۆیان دەکەن و ئەوانی تر وەلا دەنێن.
- ڕوانگەی بەرتەسکی دەسەڵات بۆ سەر نەتەوە نافارسەکان، ڕوانگەیەکی ئەمنیەتییە. «کۆچەر بیرکار»ەکان کە هەڵگری شوناسی نەتەوەیی گەلێکی بەشخوراون، بەرلەوەی باڵا بکەن، دۆسیەی جۆراوجۆرایان بۆ دەکەنەوە و لە کاریان دەخەن. بۆ نموونە کەسانێکی کوردی زۆرمان لە بوارە وەرزشییەکاندا، چ وەک وەرزشکار یان ڕاهێنەر هەیە کە لە سێبەری هەمان سیاسەتی نگریسی نژادپەرەستانەدا ڕێگەی نەشەوگەشەیان لێ بڕاوەتەوە و لە خزمەت بە دنیای مرۆیی بێبەشیان کردوون. پێویستە کە لاوانی کورد لە بەر ڕۆشنایی بیری تیژی زانای کورد، کاک کۆچەر بیرکار، هەوڵی دامەزراندنی ڕێچکەیەکی بەهێز بۆ بەرەی داهاتوومان بدەن و لە ڕێگەی زانست و وەرزشەوە، کۆتایی بە بیری قاڵاوئاسای شۆڤینیزم و کۆلۆنیالیزمی نیوخۆیی بێنن.







**میدیاکانی حکومەت سەرکەوتنەکەی بیرمەند کۆچەر بیرکاریان لە سێ ئاراستەوە خستە بەرباس کە ئەم تەوەرانەی لەخۆ گرتبوو: هەوڵی چەواشەکاری، پەنابردنە بەر بێڕێزی و پێداهەڵگوتنی**

# ئۆردووگا نگریسەکانی کۆماری ئیسلامی

**سندووس**

زۆربەی ئەو کەسانەی خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان بۆ عیرفان و ئەدەبی عیرفانی هەیە، دەگەڵ ئەم بۆچوونە ئاشنان کە: «لەش زیندانی ڕۆحە».

بەلای عارفەکانەوە، لەش شوێنێکی تەنگەبەر و بەرتەسکە و ڕێگە نادات ڕۆح بەرەو خوا هەڵکشێ، کەچی گەر تەرکیز لەسەر بەرەوهەڵکشان هەبێ، دەبێ گشت نیازەکانی لەش بخرێنە لاوە. «میشێل فۆکۆ»، ئەم بۆچوونە عیرفانییەی وەرداوتەوە و لای وایە «ڕۆح زیندانی لەشە»، لە ڕاستیدا فۆکۆ بەم شێوەیە دەیهەوێ پێمان بڵێ کە نیزام و سیستمە فکری و ڕەوشتخوازەکان، بەردەوام لە هەوڵی ڕامکردنی لەشی مرۆڤدان تا لەم ڕێگەوە بتوانن هەم لەشی تاکەکان و هەم لەشی کۆی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکەن و بیخەنە نێو ڕەهەندێکی تایبەتەوە.

«جۆرجۆ ئاگامبێن» ئەو بۆچوونەی لە چوارچێوەی چەمکی «ئۆردووگا»دا هێناوەتە بەرباس. ئۆردووگا شوێنی دیلکردنی لەشە، ئێستا گەر کۆمەڵگایەک بکرێتە چەندین ئۆردووگای گەورە و بچووک، چیمان بەسەر دێنێ؟

لەم پێوەندییەدا ئاگامبێن باسی دوو جۆر ڕەوشت دێنێتە ئاراوە:

ئا) ڕەوشتی دامەزراو لە سەر یاسا*

ب) ڕەوشتی دامەزراو لە سەر دۆزینەوە/کەشف**

ڕەوشتی دامەزراو لەسەر یاسا، هەمان ڕەوشتە باوەکەیە و مەبەستیشی کۆنترۆڵ و ڕامکردن و سەرکوتی دەروون، زەین و لەشی مرۆڤەکانە و گەرەکیەتی بەم شێوەیە هێزی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ. بە باوەڕی ئاگامبێن یەکێک لە شێوەکانی دروستکردنی ئۆردووگا لە کۆمەڵگادا، ڕەوشتی دامەزراو لەسەر یاسایە و لە ڕێگەی بەڕێوەبردنێکی وشک و بۆش لە بواری سۆزی ئینسانییەوە، لەشی مرۆڤەکان دەکاتە قۆچی قوربانی و بەتەواویی وزەی ژیانیان لێدەستێنێ. ئاگامبێن دەڵێ: «بیۆلۆژی مرۆڤەکان لە سەرووی کۆمەڵگایە، هەر بۆیە داواتان لێدەکەم ڕێزی لێبگرن».

ئاگامبێن پێمان دەڵێ هەرکات ئامێز بۆ ڕەوشتی دامەزراو لە سەر دۆزینەوە/کەشف نەکەینەوە و تەنیا ڕەوشتی دامەزراو لە سەر یاسا بە چەقی ڕەفتاریی خۆمان بقەبڵێنین، لە وەها کاتێکدا تایبەتمەندییەکی توخ دەدرێ بە یاسا. یاسا داپڵۆسێنەرە، کۆنترۆڵ دەکات بەڵام پشتیوانی ناکات.

کاتێ کۆمەڵگا دەبێتە ئۆردووگا، زمانی یاسا دەبێتە زمانی کۆنترۆڵ و ڕامکردن و سەرکووت، دیارە ئەم زمانەش هیچ بابەت و دیاردەیەک بەناوی هاوکاری و پشتیوانی ناناسێ.

لە وەها هەلومەرجێکدا، بە باوەڕی ئاگامبێن قەڵشت و دابڕانێک لە نێوان «یاسا» و بەڕێوەبردنی «یاسا»دا دێتە ئاراوە و چوونکە هیچ پێوەندییەکیش لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا نابینرێ، توندوتیژی سەرهەڵدەدا. بەوتەیەکی تر لە ڕەوشتی دامەزراو لەسەر یاسا، تەنیا یاسا بەڕێوە دەچێ و کارێکیان بە دەرهاویشتەکەی نییە کە لە ئاکامدا دەبێتە لاوازیی بیر و ئەندێشەی مرۆڤ و بە شێوەی ئامرازێک چاو لە کۆمەڵانی خەڵک کردن.

بەباوەڕی ئاگامبێن ئێمە لە مرۆڤبوونماندا هاوبەشین و ئەگەر سەرنج نەدەینە ئەم خاڵە گرینگە و ژیانێکی گرێدراو بە ڕەوشتی دامەزراو لەسەر دۆزینەوە هەڵنەبژێرین، دەبینە دەستە و تاقمگەلێک کە دەکەونە گیانی یەکتر و لە بەرامبەر یەکتردا وەک ئۆردووگایەکی قوربانی ڕەفتار دەکرێ.

لەخۆڕا نییە سەید عەلیڕەزا ئاوایی، وەزیری پێشووی داد، لە وتووێژ دەگەڵ «باشگاه خبرنگاران جوان»دا، باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی ڕابردوو، واتە ١٣٩٧دا شازدە میلیۆن پەروەندە لە دادگوستەری و سێ میلیۆنیش لە شووڕای چارەی کێشەدا لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوە و پێی ڕاگەیشتوونە، بە خوێندنەوەیەکی وردی ئاماریی، ئەوە یانی کارەسات و شەڕانگێزی تا ناخ و قووڵایی کۆمەڵگا شۆڕبوونەوە!! کارەساتێک کە هەموو تاکی ئێرانی، تێوەگلاوی پەروەندەی توندوتیژی کۆمەڵایەتین، بگرە هەر نەفەرەی ڕەنگە چەندین پەروەندەشی هەبێ.

بەباوەڕی ئاگامبێن، مرۆڤی هاوچەرخ، دەبێ لە سەر بناخەی ڕەوشتی دامەزراو لە سەر دۆزینەوە، دەست بداتە ئافراندنی گێڕانەوەگەلێکی بەهەست لە سەر ژیانی خۆی و هاوشێوەکانی، کە لە وەها هەلومەرجێکدا بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ سەبارەت بەوانیتر توندوتیژی بەکار بەرێ.

با بە نموونەیەکی ئاشکرا، بناخەی باسەکەمان لە سەر ڕەوشتی دامەزراوی یاسایی، پتەوتر بکەین:

کۆماری ئیسلامی پۆشش و حیجابی ژنانی کردووە بە جۆرێک یاسا، تا لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی یەکدەست، کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ئامانجە چەپەڵەکانی خۆیدا بخەسێنێ. حیجاب میکانیزمێکی باشە بۆ ئەوەی لەشی ژنان بکاتە قوربانی و وزەی ژیانیان تێدا هەڵتەکێنێ. حیجاب ژن ناپارێزێ و ئەمینی ناکات، بەڵکوو دەیکووژێ. ئێستا بۆ دەبێ «ژن - دایک» بکوژرێ؟ چوونکە گرینگترین ماکی سەرپێچی لە کۆمەڵگان، لە ڕوانگەی کۆمەڵگای پیاوسالاری داپڵۆسێنەر، ژن - دایک گەر کۆنترۆڵ نەکرێ، هەموو ڕۆژێ جیهانی دەستکردی پیاوان وێران دەکەن. وزەی ژن وزەی شۆڕشە. «ژوولیا کریستوا» دەڵێ: ژن - دایک ڕەنگدانەوەی عەینی شۆڕش و ڕێگای تازەیە. ژن یان دەبێ نەزمبەخشیی پیاوسالاری کۆنەپەرستانە قەبووڵ بکات و یان دەبێ بکوژرێ، تا شۆڕشێ سەرهەڵنەدات.

هەر بۆیە ئەم هەموو پێکهاتەشکێنییەی لە لایەن بەرپرسانی باڵای نیزام وەک، دزی، ئیختلاس، گەندڵی، وێرانی کۆمەڵگا و ویشکاندن و داتەپاندنی ژینگە، بڕین و ئاگرتێبەردانی لێڕەوارەکان، بەڕادەی دەرکەوتنی دووتاڵ مووی سەری خانمان کاربەدەستە کۆنەپەرەستەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕواڵەتدا ئازار نادا و هەموویان کۆکن لەسەر دروستکردنی ئۆردووگایەکی پۆڵایینی ئاگامبێنی بۆ ژنان.

دیارە نموونەی بە ئۆردووگاکردنی کۆمەڵگا یەکجاز زۆرن و هەر شوێنێکی کۆمەڵگای ئێران، بووەتە ئۆردووگایەک کە لەش، ڕۆح و ڕەوانی تاکی ئێرانی تێیدا ئەشکەنجە دەکرێ، بۆ بینینی ئەم ئۆردووگایانە، پێویستە ڕاوەستەیەکیان لەسەر بکرێ و سووکە چاوێکیان پێدا بخشێندرێ.

* اخلاق مبتنی بر قانون
** اخلاق مبتنی بر مکاشفه

کوردستان

# کۆماری ئیسلامی هێزێکی ڕووت و ناڕەوا

**جاقل**

زۆربەی بیرمەندان و لێکۆڵەرانی باری دەروونناسی لە سەر ئەو باوەڕەن کە شتێک مرۆڤ بۆ جووڵەکردن هان دەدات. زۆربەی مرۆڤەکان سەرەڕای نارازی بوونیان لە وەزعی ژیان و گوزەران لەم جیهانەدا بەڵام هەمیشە لە هەوڵدان هەتا دەتوانن زیاتر ژیان بکەن و لە سەر ئەم گۆی زەوییە بمێننەوە. ئەوان بە دوای ئاواتەکانیان دەکەون و هەوڵی بۆ دەدەن هەتا بیانهێننە دی . ناوگەلی جۆراوجۆر لە سەر پاڵنەرە دەروونییەکە دانراوە. بەشێکی بەرچاوی فیلسوف و زاناکان پێیان وایە «چێژ» ، «قازانج»، «خۆنواندن» و هتد هاندەرگەلێکن کە بۆ جووڵەی مرۆڤ لە کاردان. زۆربەی کات ئەم پاڵنەرانە نابنە مەترسی لە سەر ژیان. بۆ نموونە پاڵنەری لیبیدۆیی یان چێژوەرگرتن مەترسییەکی ئەوتۆی لە سەر ژیانی مرۆڤی خوازیاری «چێژ» نییە. تەنانەت چێژوەرگرتنی مرۆڤێک یان قازانجخوازی یان خۆنواندنی مرۆڤێکیش ناتوانێ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە جیهاندا پێک بهێنێ، بۆیە ئەو مرۆڤانەی ئەو نەوعە پاڵنەرانە بۆ جووڵە دەبێتە هاندەریان نەتەنیا ژیانیان ناکەوێتە مەترسییەوە بەڵکوو تەئسیریشیان بە سەر خەڵک و جیهانەوە زۆر کەمە. تەنیا لە بەر یەککەوتنی ئەرزشەکاندایە کە دەتوانین چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ بین. بۆیە بیرمەندانێک کە قووڵتر لە مرۆڤ ورد دەبنەوە زۆرتر خۆیان بە مرۆڤگەل یان حکومەتگەلێکەوە کە خاوەن دەسەڵاتن یان لە ڕێگای دەسەڵاتدا دەیانهەوێت شەڕێکی لێبڕاوانە بکەن خەریک کردووە. ئەو جۆرە مرۆڤانە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان سەروەری ئامادەن گیانی خۆیشیان بخەنە مەترسییەوە و زۆربەی کاتەکانیش لەم ڕێگایەدا گیان بەخت دەکەن. لێرەدا بە ئاشکرا جیاوازی نێوان مرۆڤەکان و مرۆڤی شوێندانەرمان بۆ دەردەکەوێ. بە هۆی ئەوەوە کە بە دەستگرتنی دەسەڵات لە توانای هەموو مرۆڤێکدا نییە بۆیە ئێمە تەنیا باس لەو مرۆڤانە دەکەین کە لە ڕێگایەکی خەباتکارانەدا هەتا سەر هەنگاو دەنێن. بێگومان دەسەڵاتداری پیشەی هەموو مرۆڤێک نییە و مرۆڤی دەسەڵاتدار دەبێ خاوەن «هێز» بێت. دەسەڵات تەنیا و تەنیا لە ڕێگای هێزەوە دەستەبەر دەبێت، جا ئەو هێزە چ «نەرم» بێت چ «سەخت»، چ ڕەوا بێت چ ناڕەوا .

هێز لە نێو کۆمەڵگاکان و لە جیهاندا قسەی کۆتایی دەکات. وڵاتانی گەورە و زلهێز لە ڕێگای هێزی سەخت و نەرمی خۆیانەوە قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان دەپارێزن. ئەوان لە نێو سنوورەکانی خۆیان و تەنانەت دەرەوەی سنووری خۆیشیان خۆشبژێوی و چێژی زیاتر بۆ تاکەکانی نەتەوەی خۆیان دابین دەکەن، بۆیە تاکەکانی ئەو وڵاتانە هەمیشە هەست بە سەروەری دەکەن و خۆیان لە مرۆڤەکانی دیکە بە مەزنتر دەزانن.

شەڕی مرۆڤایەتی دەتوانێ شەڕی دەسەڵات بێت کە هێز دەوری ئەساسی تێدا دەگێڕێت. بۆ پێناسەکردنی هێز نابێت خۆمان بە یەک ڕەهەندی هێزەوە گرێ بدەین بەڵکوو هێز ڕەهەندگەلی جۆراوجۆری هەیە وەک هێزی ئیرادە و باوەڕ، هێزی نیزامی، هێزی ئابووری، هێزی شۆڕش، هێزی ڕووت، هێزی شا، هێزی نەتەوەیی، هێزی دینی و تاد . . . هەرکام لەم هێزانە دەتوانن لە ناوخۆی وڵاتێکدا ببنە هێزی یەکلاکەرەوە و کاتێک کە دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن دەتوانن بە پلانی تۆکمەو زانستییانە هەوڵی بەهێزکردنی ڕەهەندەکانی دیکەی هێز بدەن هەتا وڵات دەبێتە خاوەن سەربەخۆیی و چیدیکە چاو لە دەست یان ملکەچی وڵاتانی دیکە نەبێت. هێزی شا بە هەموو ناڕەوایی و کەموکورییەکانیەوە لە وڵاتی ئێراندا دەیان ساڵ توانی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. هێزی شای ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. خەڵکی کوردستان ئەگەرچی بە تەنیا نەیاندەتوانی ئەو دەسەڵاتە بڕوخێنن بەڵام هیچکاتیش نەچوونە ژێر هێژمۆنی نەرمی ئەو نەوعە هێز و دەسەڵاتەوە چونکە ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتێکی توتالیتێر و داگیرکەر بوو کە لە هزر و ئەندێشەیەکی ناڕەواوە هەڵقوڵابوو و لە ڕێگای هێزی سەختی خۆیەوە توانیبووی خاکی کوردستان داگیر بکات. ڕێژیمی شاهەنشاهیش هیچ کات وەک هاووڵاتی نەیدەڕوانییە خەڵکی کوردستان، ئەو دەسەڵاتە بۆ بێبەشکردنی کوردەکان لە ژیانی ڕاستەقینە هەموو هەوڵێکی دەدا. ئەو، کانگا و سەروەتی کوردستانی بە تاڵان دەبرد و بە هەموو شێوەیەک بە دژی ئازادیخوازانی کورددا دەچووەوە. لە باری ئەرزشی و دەروونناسی و سەمبولناسیشەوە ڕوونو ئاشکرایە کە کوردەکان هیچکات نەدەچوونە ژێر هێژمۆنی فیکری ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆری و شاهەنشاهییەوە چونکە «شا « وەک نوێنەری خودا لە سەر زەوی خۆی پێناسە دەکرد . فرەدینی لە نێو کورداندا وەک نەستێکی مێژوویی هەمیشە دەبووە بەربەست هەتا تاکی کورد خۆی لە سەر تەنیا خوایێک ساغ بکاتەوە. لە سەردەمی مودێرندا تەنیا بەدیلێکی بەهێز کە توانیویەتی جێگای دین بگرێتەوە هێزی ناسیۆنالیستی بووە. ئەگەرچی کورد لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی دین و نەتەوەیی خۆیدا نەیتوانیوە هێزی دین لە پێش چاو نەگرێ بەڵام لەو ڕووەوە کە خواستێکی زیاتر و کۆدەنگییەکی زیاتر لە سەر هێز و خواستی نەتەوەیی بەدی دەکرێ، وێدەچێ هێزی نەتەوەیی هەمیشە پێش هێزی دینی بکەوێ.

بە گۆڕانی هێزی شاهەنشاهی بۆ هێزی دینی لە ئێراندا [شۆڕشی گەلانی ئێران] کوردەکان هیچ قازانجێکیان نەکرد، چونکە ئەم هێزەش هاوشێوەی هێزی پێشوو لە ناوەندێکی دوورەوە دەسەڵاتی سەخت و ناڕەوای خۆی بە سەر خەڵکی کوردستاندا دەسەپاند. ئەم هێزە هەر لە یەکەم ساتەکانی دەسەڵاتدارییەوە بەرانبەر بە داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە توندی ڕاوەستا و لەو ڕووەوە کە هێزی خۆی بە هێزێکی ئاسمانی دەزانی گوێڕایەڵی داواکارییەکانی نەتەوەی کورد نەبوو. بەهەمان شێوەش لە بەرانبەردا نەتەوەی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لێکدانەوەی دروست و واقعبینانە ملکەچی بڕیارەکان و دەسەڵاتی حکومەتی دینی تاران نەبوون بۆیە ئەو خەباتە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. هەر وەک لە پێشدا باسمان کرد لێرەدا باسی ئێمە لە سەر «هێز»ە. بۆیە دەبێ بڵێین حاکمییەتی تاران لە ڕێگای هێزی دینییەوە کە هێزێکی سوننەتی و مێژووییە لە جیهاندا توانی شۆڕشی گەلانی ئێران بەلاڕێدا ببات و لە ئاکامدا و بە یارمەتی و کارئاسانی وڵاتانی زلهێز ئەو دەسەڵاتە بەدەستەوە بگرێ. دیارە ئەم

دەسەڵاتە لای کوردستانیان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ناپەسەند بوو و لە هەمانحاڵدا ڕەد کرایەوە بەڵام بۆ بەشێکی دیکەی نەتەوەکانی ئێران وەزعییەتەکە بەم شێوەیە نەبوو. بەشێکی بەرچاو لەو خەڵکە لە ماوەیەکی کەمدا هێزی ڕێبەری کاریزماتیکی خومەینی و هێزی دینیان لە جێگای هێزی شاهی قبوڵ کرد. بە هۆی ئەوە کە بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران تەشەیوع مەزهەب بوون، ڕێژیمی دینی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو توانی بەها و ئەرزشە دینیەکانیان لا شیرین بکات و لە ڕێگای پڕوپاگاندا و شەڕی نەرمەوە مێشکیان داگیر بکات، بۆیە جگە لەوەیکە ئەو خەڵکانە لە ماوەیەکی کەمدا عادەتیان بە دەسەڵاتی نوێ کرد تەنانەت بەشێکیشیان هاوشێوەی حکومەت، کوردیان وەک ئاژاوەگێڕ پێناسە دەکرد و بۆ شەڕ بە دژی کورد دەهاتنە کوردستان. نەتەوەی کورد بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی هێزی سەخت و نەرمی دینی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو نەبوو . ڕێژیمی بەناو دینی تاران لە ڕێگای هزری دینییەوە هێزی ئینسانی بەرانبەر هێزی وڵاتی عێراق ڕازاندەوە و بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕێکی ماڵوێرانکەری درێژە دا کە ئاکامەکەی جگە لە کوژران و وێرانی هیچی دیکە نەبوو. هێزی ڕێبەری خومەینی لەو کاتەدا هێزێکی ڕۆحی گەورە و کاریزماتیک بوو بۆ زۆربەی ئەو کەسانە کە لە ڕیزی هێزە چەکدارەکانی ئێراندا گیانیان ئەسپارد. پاش مردنی خومەینی، دەسەڵاتدارانی تاران بۆ درێژەی دەسەڵاتی خۆیان پەنایان بردە بەر هێزی ئیدئۆلۆژی و هێزی ئابووری. ئەوان پێیان وابوو بە هێزی ئابووری دەتوانن لە ناوخۆدا ئاوەدانی و کار دروست بکەن و بە هێزی ئیدئۆلۆژیکیش لە دەرەوەی جوغرافیای ئێران پەرە بە دەسەڵاتی دینی خۆیان بدەن؛ لەو ڕووەوە کە زۆربەی ئەو کەسانە کە لە یەکەم ڕۆژەوە خاوەندارێتی دەسەڵاتی دینی تارانیان دەکرد کەسانێکی پسپۆڕ و تێکنۆکرات نەبوون لە باری ئابووریشەوە وەک چاوەڕوان دەکرا نەیاندەتوانی سەرکەوتن بە دەست بێنن. حاکمییەت لە ڕێگای ڕانتەوە و بە پوڵی داهاتی نەوت دەستی کەسانی نیزیک لە خۆیانی ئاوەڵا کرد هەتا ببنە هێزی ئابووری. ئێستا پاشی زیاتر لە سی ساڵ لەو ڕۆژانە دەبینین نەتەنیا ناوخۆی ئێران ئاوەدانی بە خۆیەوە نەدیوە بەڵکوو ئێران بووەتە وێرانەیەک کە کەس بەرپرسایەتیەکەیشی وەئەستۆ ناگرێ.

هەر لەم ڕێگاوە بوو کە گەندەڵی و دزی وەک نەریتێکی سیستماتیک بناغەی داکوتا و بەردەوام زیاتر پەرە دەستێنێ. هێزی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم وەک وتار لە سەرەتاکانی خۆیدا زیاتر لە هەڕەشەیەکی گاڵتەئامێز دەچوو بەڵام بەرەبەرە ئەم هێزە لە دوو ڕەهەندی نەرم و سەختەوە بوو بە مەترسییەک بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و جیهان. هێزی دینی پاشی مردنی خومەینی ئەو شوێندانەرییە گەورەی لە سەر خەڵکی ئێران بە گشتی نەما چونکە خەڵک تا ڕادەیەک لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێژیمە تێگەیشتن کە بە ناوی دینەوە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو. ئیدئۆلۆژی ئەگەرچی هەڵقوڵاوی دین بوو بەڵام ڕێگایەکی نوێ بوو بۆ ئاژاوەنانەوە لە جیهاندا بە ناوی «سادرکردنی ئینقلاب» . وڵاتانی ئافریقایی و عەرەبی وەک مەیدانی پیادەکردنی ئیدئۆلۆژی ڕێژیم بە شێوەی نەرم دەستنیشان کران و پارە و داهاتی وڵات لەو وڵاتانە و لە زۆربەی وڵاتانی دیکە بێ گوێدان بە قازانجی خەڵکی ناوخۆ بەفیڕۆ چوو. ڕێژیم لە پاڵ هێزی نەرمی بانگەشەیی خۆیدا بە شەڕی سەخت و تیرۆریستیش پەلاماری وڵاتانی جیهانی دەدا. هەتا ئێستاش ڕێژیم لە ڕێگای ئیدئۆلۆژییەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی شەڕ دەخوڵقێنێ و تاوان و جینایەت دەکات. لە پاش شەڕی ئێران و عێراق و مردنی خومەینی، پسپۆڕان و تیئۆریسیەنەکانی تاران هێزی سێهەمیان واتە هێزی ڕیفۆرمیشیان هێنایە ئاراوە. ئەو هێزە کە هاوشێوەی دوو هێزەکەی پێشوو[ئیدئۆلۆژی و ئابووری] هێزێکی ناسراو و بەرچاوە، لە ئێراندا بە مەبەستی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی حاکمییەت کەڵک و کەڵکاژۆی لێوەردەگیرا. لەو ڕووەوە کە بەشێک لە حاکمییەت خوێندنەوەی ڕیفۆرمخوازانەی قبوڵ نەبوو، شەڕ و دووبەرەکییەکی نەرم لە نێوان حاکمییەتدا ساز بوو. باڵی توندئاژۆ پێی وابوو هیچ گرفتێک دروست نابێ ئەگەر هەر وەک لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە حکومەتیان کردووە، هەر بەو شێوە درێژە بە دەسەڵاتەکەیان بدەن. لایەنی بەناو ڕیفۆرمخواز پێی وابوو هاتنی تیکنۆلۆژی و چاوکراوەیی خەڵک ئیزن نادات دەسەڵاتی دینی یان ئیدئۆلۆژی بۆ ماوەیەکی زۆر ژیان بکات بۆیە ڕیفۆرمێکی سنوردار پێویستە. زۆربوون و زاڵبوونی میدیا و ماهوارە و چاوکراوەیی خەڵک یەکەم گرفتی ئەساسی بوو کە یەخەی دەسەڵاتدارانی تارانی گرت. هەر دوو لایەنی حاکمییەت بۆ مانەوەی ڕێژیم هەوڵیان دەدا بەڵام لە دوو ڕێگاوە کە خۆیان پێیان وابوو جیاوازە. هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی خاڵی کۆتایی بوو لە سەر ئەو بانگەشە بێبنەمایانە چونکە ڕێژیم ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆی بۆ تەواوی خەڵک دەرخست. ڕێژیم لەو کاتەدا پیشانی بەشی هەرەزۆری خەڵکی ناوخۆ و جیهانی دا کە «هێزی ڕووت»ئەو هێزەیە کە ڕێژیم پشتی پێ بەستووە و هێزی ئابووری و دینی و تاد تەنیا هێزگەلێکی نەرمن کە بە شێوەی ڕۆژانە و بۆ داگیرکردن و خەڵەفاندنی مێشکی تاکەکان کەڵکی لێوەردەگرێ. هەرچەند «هێزی ڕووت» یش لە دوو ڕەهەندی سەخت و نەرمەوە ئیعمال دەکرێ بەڵام ئەوەیکە لەو کاتەدا بە نیسبەت زۆربەی خەڵکەوە جێبەجێ کرا زۆرتر باری سەخت و جینایەتکارانەی کارەکە بوو. لەباری نەرمی هێزی ڕووتەوە پێویستە بڵێم کە بۆ نموونە ڕێژیم دادگا و قانونەکەی خۆیشی قبوڵ نەبوو، واتە لە نادادگاکانی ئێراندا کەسانی بێتاوان جەریمە و زیندانی دەکران.

بەرپرسانی ئەو نمایشە گەورە خۆیان لە هەموو بەرپرسایەتییەکان دزییەوە و لە ترسی ڕقی کۆمەڵانی خەڵک بە ناوی زیندانی [حصر] خۆیان شاردەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا پاشی ئەوەیکە لە زیاتر لە سەد شاری ئێران خۆپیشاندان هاتە ئاراوە هیچ گومانێک بۆ کەس نەما کە زۆربەی خەڵکی ئێران وەک حاکمییەتی تاران بیرناکەنەوە و چیدی فریوی دوو باڵی ئوسولگەرا و ڕیفۆرمخواز ناخۆن. ڕێژیم بە هێزی ڕووت و بێبەزەییانە توانی ئەو خۆپیشاندانانە سەرکوت بکات. نەبوونی ئەحزابی چالاک لە مەیداندا و نەبوونی ئەڵتێرناتیو بۆ کۆماری ئیسلامی هۆکارەکانی بێدەنگی کاتی ئەو خۆپیشاندانانە بوون . کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هێزی ڕووت و ناڕەوای ڕێژیمی تارانی ناسیبوو چونکە ئەو هێزە یەکەم جار لە کوردستاندا لە پشت فتوای جیهادی خومەینی گۆڕ بە گۆڕەوە بە دژی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان هاتە ئاراوە . لە ژێر سێبەری ئەو هێز و فتوادا دەیان و سەدان جینایەتی بە کۆمەڵی وەک قارنێ و قەڵاتان خوڵقا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هێزی ڕووت ئەوەیە کە کاتێک کە دەوڵەت یان دەسەڵاتێک خۆراکی هزری بۆ خەڵکەکەی پێ نامێنێ ئەو هێزە دێتە ئاراوە.

ئەو هێزە ئەگەرچی مێژوویەکی دوورودرێژی لە کوردستان هەیە بەڵام لە پانتایی جوغرافیای ئێراندا پلە بە پلە و لە کاتی پێویستدا خۆی پیشان داوە. پەرەگرتنی تیکنۆلۆژی، داواکارییەکانی ژنان، خراپبوونی بەردەوامی بارودۆخی ئابووری، نەدانی مافە نەتەوایەتییەکان و دەیان کێشە و گرفتی کەڵەکەبوو و چارەسەرنەکراو حکومەت ناچار دەکات بۆ مانەوەی خۆی لەمە بەدوایشەوە زیاتر لەم هێزە دڕندە کەڵک وەربگرێ. ئاخرین نموونەی ئەم دڕندەییە کە بەناو بۆ ڕازیکردنی خەڵک هاتووەتە ئاراوە، دەستراگرتن بە سەر سەروەت و سامانی کەسانی حکومەتی و غەیری حکومەتیدایە بە ناوی بەربەرەکانێ لەگەڵ گەندەڵی و ئیختلاس !

گەندەڵی و دزی و تاوان بە باڵای ڕێژیمی ئاخوندی و پڕ لە پاڕادۆکسی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بڕاوە. گرتن و ئێعدام و هەڵاتنی خەڵکانی سەرمایەدار ( چ حکومەتی و چ ئاسایی، چ تاوانبار و چ بێ تاوان) کێشەی ڕەوایی ڕێژیم چارەسەر ناکات. ئەو کارانە بۆ پاکانەحیسابی دەرون ساختاری دەکرێ کەچی پێیان وایە دەتوانن خەڵک بەم نەوعە سزادانانە دڵخۆش بکەن! بەپێچەوانە ترساندن و تۆقاندن و ڕابڕین تەنیا گرفتەکە قووڵتر دەکاتەوە و تەمەنی ڕێژیمێک کە بە هێزی ڕووت دەیهەوێ درێژە بە حەیاتی خۆی بدات کەم و کەمتر دەکاتەوە. ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ بە سەر تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا، هێزە دینییەکەی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا کەمڕەنگ بووەتەوە، واتە ئیمانداران لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەم ڕێژیمە پارێزەری بەها و ئەرزشە دینیەکانیان نییە.

هێزی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم کە لە چوارچێوەی سپای تیرۆریستی قودسدا لە دەرەوەی سنوورەکان چالاکە، بەردەوام مەیدانی چالاکییەکانی لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە بەرتەسکتر دەکرێتەوە و بەپێی ئەو گەمارۆیانە کە خراوەتە سەری لە داهاتوودا بە خۆشی یان ناخۆشی دەبێت مەیدان بەجێ بهێڵێت. هێزی ئابووری ئەگەرچی لە ناخی خۆیدا هێزێکی سەربەخۆ نییە بەڵام بەو حاڵەش لە ئێراندا شوێندانەری خۆی لە ناوخۆشدا لە دەست داوە چ بگات بەوە کە تەئسیری لە سەر لایەنێکی بەرانبەر ببێت. هەروەک لێپرسراوی گشتی بەڕێز کاک مستەفا هیجری پێشتر فەرمووی: «ئەوەیکە ڕێژیم پشتی پێ بەستووە و هەتا ئێستاش ڕێژیمی هێشتووەتەوە هێزی سەرکوتەکەیەتی». ئەو ڕێژیمانە کە متمانەی خەڵکەکەی خۆیان لە دەست دەدەن هێزی ڕووت ناتوانێ بۆ درێژخایەن لە دەسەڵاتدا بیانهێڵێتەوە. هێزەکان لە ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا کۆ دەبنەوە و هێزێکی موقتەدر و تەنیا دروست دەکەن کە کۆماری ئیسلامی لەم تەعریفە بەردەوام دور دەکەوێتەوە . هێزی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە بەرانبەر هێزی شاهەنشاهی و هێزی دینی و توتالیتێری ئاخوندیدا خاوەن ڕەسەنایەتی خۆی بووە و هەیە. هێزی کوردی بەپێچەوانەی دەسەڵاتە ناڕەواکەی بەرانبەری لە دڵی خەڵکی خۆیەوە هەڵقوڵاوە و سەرەڕای هەزاران کێشەو گرفتی دڕندانە توانیویەتی خۆی پێناسە بکات و لە کەرەستەی ڕەوا بۆ دیفاع لە مان و مەوجودییەتی گەلەکەی کەڵک وەربگرێ .

مێژوی پاک و بێگەردی ڕێبەرایەتی ئەم بزاڤە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەیکە لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەمیشە پشتی پێ ببەسترێ. هێزی ئینسانی لە شاخ و شار و خوڵقاندنی حەماسەگەلی جۆراوجۆر بەرانبەر بە هێزی ناڕەوای دوژمنی داگیرکەر بووەتە هۆی ئەوە کە بەردەوام دوژمن لێی بترسێ و لە هەوڵی ئەوەدا بێت پێش بە تەشەنەگرتنی بۆ ناو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگرێ. خەباتی سەختی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرەڕای کەمبونی کەرەستەی نیزامی لە بەرانبەر هێزی پۆشتە و پەرداخ و زۆری دوژمن توانیویەتی گەورەترین مەترسی بێت لە سەر دەسەڵاتی تاران. هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوکات خەباتی نەرم و سەخت بەڕێوە دەبات. هێزی بڕوا و ئیرادەی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی مەعنەوییە کە دوژمن وەک گوشارێکی گورچکبڕی ناوخۆیی و بە دژی خۆی لێی دەڕوانێ . لە وتارێکی وەها کورتدا بێگومان مەجالی ئەوە نییە «هێز» بە تەواوی شی بکرێتەوە بەڵام بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەبێ هێز لە پێش چاو بگرێ. «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» چ لە هزر و وتاردا و چ لە کرداردا ئەندێشەیێکی بەهێزە کە چەمکەکانی هێزی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەم گوتارە بەردەوام لە ڕەهەندگەلی جۆراوجۆردا مەیدانی نوێ بۆ خەبات بە دژی داگیرکەر دەستنیشان دەکات. داگیرکەر بەردەوام لە هەوڵدایە پێش بە بەرفراوانی ئەو خەباتە بگرێ. ڕاپەڕینی زاگرۆس لەژێر کاریگەری ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە ناوەندگەرایی لە ئێراندا دەهێنێت .

لە خەباتی شاردا ئەمڕۆ هێما و وتارەکان بوونەتە هۆی یەکگرتوویی خەڵک. ڕێژیم ناتوانێ پێش بە خەباتی مەدەنی کۆمەڵانی خەڵک بگرێ کە خۆیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا دەبیننەوە. هێزی باوەڕ و ئیرادە لە ناخی شاردا چەکەرەی کردووە و بە خۆشییەوە مەیدان هەتا دەڕوا بۆ داگیرکەر بەرتەسکتر دەبێتەوە.

حەماسەکانی شەهیدانی قەرەسەقەل، کۆسالان و پاوە کە لە ڕۆحی بەرزی گیانفیداییەوە هەڵقوڵابوو پیشانیدا کە شەهیدانی ئاشتی و ئازادی هێزێکی هەرمانن کە داگیرکەر ناتوانێ بە ئاسانی لە فیکری لاواندا بیانسڕێتەوە . هێزی ڕاسان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ئێستا هێزێکی جێگای متمانەیە کە لە داهاتووی نیزیکدا بەربینگی ڕێژیم لە زاگرۆسدا دەگرێ و بۆ هەمیشە کۆتایی بە هێزی ڕووت و ناڕەوای تاران لەم پانتاییە جوغرافییەدا دەهێنێ .

> **وڵاتانی گەورە و زلهێز لە ڕێگای هێزی سەخت و نەرمی خۆیانەوە قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان دەپارێزن. ئەوان لە نێو سنوورەکانی خۆیان و تەنانەت دەرەوەی سنووری خۆیشیان خۆشبژێوی و چێژی زیاتر بۆ تاکەکانی نەتەوەی خۆیان دابین دەکەن.**

> **گرتن و ئێعدام و هەڵاتنی خەڵکانی سەرمایەدار کێشەی ڕەوایی ڕێژیم چارەسەر ناکات. ئەو کارانە بۆ پاکانەحیسابی دەرون ساختاری دەکرێ کەچی پێیان وایە دەتوانن خەڵک بەم نەوعە سزادانانە دڵخۆش بکەن!**

# کۆماری ئیسلامی بەرەو تیرۆریزمی ناوکی

پشکۆ

**پێشەکی**

رێکەوتی ۹۸/۱/۱۹ی هەتاوی، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە فەرمی هێزەکانی سپای پاسدارانی خستە ریزی تیرۆرەوە، ئەگەرچی پێشتر ئەمریکا هێزی سپای قودسی وەک باڵی دەرەوەی ئەم رێکخراوەیە خستبووە ریزی تیرۆرەوە. پێش ئەوەیکە بچینە سەر تەوەری سەرەکی ئەم وتارە، سەرەتا پێویستە هەندێ پرسیاری گشتی سەبارەت بە پێناسەی تیرۆر و مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، هۆکارەکانی پەنابردنە بەر تیرۆر و پەرەسەندنی تیرۆر، جۆرەکانی تیرۆر، گرینگی و بایەخی تیرۆر لە روانگەی رۆژئاواییەکانەوە، لە هەمان کاتدا پرسیار سەبارەت بە شێوازی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردە جیهانییە بخرێتە بەر باس و لێکدانەوە.

**پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی تیرۆر**

چەمکی تیرۆر لە وشەی فەڕانسەوی(Terreur) وەرگیراوە و بە مانای هەست بە ترس و تۆقاندن هاتووە. دەستەواژەی تیرۆر بە رەچەڵەک بۆ شۆڕشی فەڕانسە دەگەڕێتەوە. لە زمانی فەڕانسەدا تیرۆر بە مانای خۆف و سام و تۆقاندن هاتووە. لە سیاسەتدا بە هەڵسوکەوتی توندئاژۆ و نایاسایی دەسەڵات دەگوترێت، کە بۆ سەرکوت و ترساندنی دژبەران بە کاری دەهێنێ، هەروەها هەڵسوکەوتی ئەو گرووپ و لایەنانە لەخۆ دەگرێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی. لەو سەردەمەدا ئەم وشەیە هەڵگری دوو مانای تایبەت بوو، یەکەم، گرتنەبەری هەندێ شێواز و دژکردەوەی توند لەهەمبەر دژبەرانی شۆڕش، دووهەم، ناوی قۆناغێکی مێژوویی لە شۆڕشی فەڕانسە بە ئەژمار دەهات، کە تیرۆر بە مانای یەکەم لەهەمبەر دژبەرانی شۆڕش بەڕێوە دەچوو. ئەم قۆناغە بۆ خۆی دەبێتە دوو بەشەوە: قۆناغی یەکەم لە رێکەوتی ۱۰ی ئووت تا ۲۰ی سپتامبری ۱۷۹۲ دەگرێتەوە. قۆناغی دووهەم ئەو سەردەمە لەخۆ دەگرێت کە ژاکۆبنەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و تا ٥یسپتامبری ۱۷۹۳ دەخایەنێت( عەلی بابایی، ۱۳٦۹: ۱۷٦).

لەو سەردەمەدا بە هەزاران کەس لە چینی ئەشراف و دژبەرانی شۆڕش و دواتر خەڵکی ئاسایی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لێپچینەوەیان لێ دەکرێ و دواتر درانە بەر گیوتین و لەناوچوون. لەو کاتەوە تا بە ئەمرۆ تیرۆر پێناسەی جیاوازی لێکراوە. ئانتۆنی گیدێنز پێی وایە، تیرۆریزم بریتییە لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەمەبەستی تۆقاندن لە ئاستێکی بەربڵاودا لە لایەن حکوومەتەکانەوە. دژکردەوەی نازییەکان لە ئاڵمان و پۆلیسی نهێنی رووسیا لە سەردەمی ئیستالیندا، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم کردەوە قیزەونە بەئەژمار دێن (گیدێنز، ۱۳۷۸: ۳۹۰). هەر وەک گیدێنز ئاماژەی پێداوە، لە دوو سەدەی رابردوودا بە زۆری دەوڵەتان بەرپرسی هێرش و بێڕێزی بۆ سەر کەرامەت و مافی ئینسانی بوون، بەڵام نابێت ئەم پێناسە ببێتە هۆی پاکانە بۆ ئەو گرووپ و لایەنانەی بۆ رووبەڕووبوونەوە لەهەمبەر دەوڵەتان، پەنا دەبەنە بەر تیرۆر و ژیانی مرۆڤ و خەڵکی ئاسایی دەخەنە مەترسییەوە.

بەگشتی تیرۆریزم جۆرێک ئیستراتیژی نیزامی بەئەژمار دێت، کە هیوادارە لە رێگەی تەشەنەدان بە ترس و تۆقاندن، پێگەی سیاسی خۆی بگۆڕێت و ئامانجە سیاسییەکانی دەستەبەر بکات، ئەگەرچی مەرج نییە تێچوو و خەساری ماددی زۆری بۆ لایەنی بەرانبەر بەدواوە بێت (هەراری،۱۳۹۷ :۱۹۷). بە باوەڕی یووال نووح هەراری، بە زۆری ئەم شێوازە لە رووبەڕووبوونەوە لە لایەن ئەو هێز و لایەنانەوە بە کار دەبرێت کە لە رووی هێزەوە لاوازن و هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەستیاندا نییە و ناتوانن تێچووی ماددی زۆر بگەیەننە دوژمنەکانیان، بەڵکوو لە ئاستێکی بەربڵاودا پەرە بە ترس و تۆقاندن ئەدەن. ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بە جیاوازی نێوان شەڕی باو(متعارف) و تیرۆریزم دەکات و پێی وایە، لە شەڕی باودا جۆرێک هاوسەنگی لە نێوان ترس وەک بەرهەمی تێچووی ماددی ئەو لایەنانەی تێچووی ئەو شەڕە ئەدەن لەئارادایە، بەڵام بەپێچەوانە، لە تیرۆریزمدا لە نێوان هێزی راستەقینەی تیرۆریستان و ئەو ترسەی بەرهەمی دەهێنن، هیچ جۆرە هاوسەنگییەک لەئارادا نییە و ترس وەک چیرۆکی سەرەکی تیرۆر، لەرادەبەدەر و لە ئاستێکی بەربڵاودایە(سەرچاوەی پێشوو: ۱۹۸- ۱۹۷). لەم رووەوە هەراری تیرۆریستان بە مێشێک دەشوبهێنێت کە دەیهەوێت فرۆشگایەکی کەلوپەلی چینی لە نێو ببات، بەڵام مێش ئەوەندە لاوازە، تەنانەت توانای جوڵاندنی پیاڵەیەکی نییە؛ کەوابوو چۆن دەتوانێت فرۆشگایەکی گەورە لە ناو ببات؟ هەراری پێی وایە، مێش بۆ ئەم مەبەستە گایێکی نێر ئەدۆزێتەوە و خۆی دەهاوێتە نێو گوێچکەی و دەس دەکات بە گیزە گیز و گا لە ترسان شێت و هار دەبێت و فرۆشگای چینی لە ناو دەبات. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە لە دوای رووداوی یازدەی سپتامبر هاتە ئاراوە، کاتێک توندئاژۆ ئیسلامییەکان گای ئەمریکایان دنەدا تا فرۆشگای چینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ورد و خاش کرد (هەراری، ۱۳۹۷: ۱۹۹).

**هۆکارەکانی پەرەسەندنی تیرۆریزم**

هەروەها کە سەبارەت بە پێناسەی تیرۆر و تیرۆریزم کۆدەنگی لەئارادا نییە، بە هەمان شێوە سەبارەت بە هۆکارەکانی پەرەسەندن و تەشەنەی تیرۆریزم هاودەنگی بوونی نییە. د.قاسملوو لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «تیرۆریزم: بۆچوونێکی جیاواز»، باس لەوە دەکات، رۆژئاواییەکان زیاتر لە سەر کارتێکەری و دەرکەوتەکانی تیرۆریزم پێداگری دەکەن، نەک لە سەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە(قاسملوو: ۱۹۸٦). هەروەک چامسکی لە وتووێژێکدا ئاماژەی پێداوە، رەنگە ئاوڕنەدانەوەی رۆژئاواییەکان لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم، پێوەندی بەوەوە بێت کە سەردەمانێک رۆژئاواییەکان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی( لە سەردەمی سەرکۆماری رێگاندا)، لە کەشوهەوای شەڕی سارددا، یارمەتی و پاڵپشتی دامەزراندن و گەشەی هەندێ دەوڵەت و هێزی بناژۆخوازی وەک عەرەبستان و پاکستانیان ئەدا، کە لە ئاکامدا هێزگەلێکی وەک ئەلقاعیدەی لێکەوتەوە(چامسکی: ۲۰۱۸ ). بەمانایەکی تر رۆژئاواییەکان لە لایەکەوە یارمەتی و پاڵپشتی هەندێ دەوڵەت و هێز و تاقمی تیرۆریست ئەدەن، لەلایەکی ترەوە دژ بەم هێزانە دەجەنگن! بە هەمان شێوە یارمەتی رۆژئاواییەکان لە تاقمی خومەینی و دارودەستەکەی لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا، دەچێتە خانەی هەمان لێکدانەوەوە.

**جۆرەکانی تیرۆریزم**

تیرۆریزم لە رەوتی گەشە و بەرەوپێشچوونی خۆیدا، چەندین شێوازی جیاوازی بە خۆیەوە گرتووە، کە بریتییە لە تیرۆریزمی سپی، تیرۆریزمی کوێر، تیرۆریزمی دەوڵەتی. تیرۆریزمی سپی زۆرتر ئەو شێوازە لە رووبەڕووبوونەوە لەخۆدەگرێت کە لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسە لەهەمبەر دژبەرانی شۆڕش پەیڕەو دەکرا. تیرۆریزمی کوێر بریتییە لە: زنجیرەیەک ئۆپەراسیۆن بە مەبەستی پڕۆپاگاندا و نانەوەی دەنگوهەرا بە قازانجی بکەرانی ئەو کردەوەیە. سێهەمین شێوازی تیرۆریزم، تیرۆریزمی دەوڵەتییە، کە بریتییە لە دەستێوەردانی دەوڵەت یان دەوڵەتگەلێک لە کاروباری ناوخۆیی یان دەرەکی دەوڵەتی دیکەدا بەمەبەستی دروستکردنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە رێگەی بەڕێوەبردن یان بەشداری لە کردەوەی تیرۆریستی وەکوو چاندنی بۆمب، رفاندنی فڕۆکە، دانانی مین و تیرۆریی کەسایەتییە باڵاکانی وڵات و....، هەروەها یارمەتی ماددی (چەکوچۆڵ) و سیاسیی لە خۆ دەگرێت(عەلی بابایی،۱۳٦۹ :۱۷۸-۱۷۷). پێداگری ئەم وتارە لە سەر ئەم شێوازە لە تیرۆرە.

**گرینگی دیاردەی تیرۆر**

لە روانگەی رۆژئاواوە، دیاردەی تیرۆر بایەخی زۆری هەیە، تا ئەو رادە هەندێ جار وەک تاعوونی سەدەی نوێ باسی لێدەکەن؛ هەر بۆیە لە چەقی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، بە بایەخەوە باس لە رووبەڕووبوونەوە و شەڕ لەگەڵ تیرۆر دەکات. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئایا بە راستی لە سەر ئەرزی واقێع، تیرۆر تا ئەو رادە گرینگە کە رۆژئاواییەکان باسی دەکەن؟ یووال نووح هەراری لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا، بە خستنە بەر باس و لێکدانەوەی هەندێ ئامار و داتا بە شێوەی بەراوردکارانە باس لەوە دەکات، لە دوای هێرشی یازدەی سپتامبری ۲۰۰۱ ، تیرۆریستان هەر ساڵە ۵۰ کەس لە ئورووپا، ۱۰ کەس لە ئەمریکا و نزیکەی ۷ کەس لە چین و ۲۵۰۰۰ کەس لە شوێنەکانی دیکەی جیهانیان کوشتوە، بەڵام لە بەرانبەردا لە ئاکامی رووداوی هاتووچوو لە ئەورووپا ۸۰ هەزار کەس، لە ئەمریکا ٤۰۰۰۰ کەس، لە وڵاتی چین۲۷۰۰۰۰ کەس و بە گشتی ۱/۲۵ میلیۆن کەس لە تەواوی جیهاندا لەنێو چووە، بە هەمان شێوە لە ئاکامی نەخۆشی شەکرە و پیسی کەشوهەوا زیاتر لەم ژمارەیە دەبنە قوربانی. هەراری بەم شێوە ئەو راستییە دەسەلمێنێت، خەسار و تێچووی تیرۆریزم بەبەراورد لەگەڵ رووداووی هاتووچوو، نەخۆشی شەکرە و پیسی کەشوهەوا لە ئاستێکی نزمدایە و رەنگە بۆ بەراوردکردن نەبێت کەوابوو پرسیار ئەوەیە، گرینگی ئەم بابەتە لە چیدایە و بۆچی لە رۆژئاوا تا ئەو رادە بە بایەخەوە لەم بابەتە دەڕوانن؟ (هەراری، ۱۳۹۷ :۱۹۷).

بە باوەڕی هەراری، گرینگی ئەم بابەتە پێوەندی بە ناوەڕۆک و دەرکەوتەی تیرۆرەوە هەیە. تیرۆریستان لە بواری کۆنترۆڵکردنی مێشکدا شارەزا و لێهاتوون، واتە تیرۆریستان ژمارەیەکی کەم لە خەڵک دەکوژن، بەڵام بە میلیارد خەڵک دەتۆقێنن و پێکهاتەی سیاسی وڵاتان دەهەژێنن(هەراری، ۱۳۹۷ :۱۹۷). بە هەمان شێوە گیدێنز پێی وایە، تیرۆریزم یەکەمین دیاردەی دژ بە هێمنایەتی و ئاسایشی ناوخۆیی وڵاتانی رۆژئاوایە. بەمانایەکی دیکە تیرۆریستان لە رێگەی تیرۆرەوە هێمنایەتی ئەو وڵاتانە تێک دەدەن و بەم شێوە پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. چونکە لە وڵاتانی رۆژئاوادا بەکارهێنانی توندوتیژی لە پاوانی دەسەڵاتی سیاسیدایە و تیرۆریستان لە فاکتەری توندوتیژی وەک هێمای رەوایی و مەشرووعیەت، لە دژی حکوومەتی ئەو وڵاتانە کەڵک وەردەگرن(گیدێنز، ۱۳۸۵ :۳۹۰). سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی باسمان کرد، بەپێچەوانەی وڵاتانی رۆژهەڵات، بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە ئاشتی و هێمنایەتی لە وڵاتانی رۆژئاوا سەقامگیر بووە و هەر جۆرە کردەوەیەکی توندئاژۆی تەنانەت بچووکیش، دەتوانێ گۆمی مەندی ئەو وڵاتانە بشڵەقێنێ. هەروەک هەراری ئاماژەی پێدەدا، تیرۆریستان بژاردەی کەمیان لە بەردەستدایە و ئەوەندە لاوازن ناتوانن راستەوخۆ لەگەڵ دوژمن رووبەڕوو ببنەوە، کەوابوو بەجێی شەڕی راستەوخۆ، خەریکی نواندنی هێزن، هەر بۆیە تیرۆریستان بە بکەرانی شانۆ دەشوبهێنێت تاکوو فەرماندەرانی ئەرتەش، واتە ئەو هێزانەی لە هەوڵدان بە کاریگەریدانان لە سەر هەست نەک تێچووی ماددی بە لایەنی بەرانبەر، پێگەی خۆیان بەهێز نیشان بدەن.

**رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆر**

رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆر پێویستی بە ناسینی بەستێن و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردە هەیە. بە بێ ناسینی هەمەلایەنەی هۆکارەکانی ئەم دیاردە، گرتنەبەری رێگەچارەی عەقڵانی و گشتگیر ئیمکانی نییە. هەروەک باسمان کرد، تیرۆریزم وەکوو دیاردەیەکی نەرێنی، هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەی گرتووەتەوە و لە ئەنجامدا بووەتە مەترسییەکی جیهانی. بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردە جیهانییە، سەرەتا پێویستە بەرەیەکی جیهانی پێک بێت، بەرەیەک کە بە پێداگری لەسەر هۆکارەکان، بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات بەڵام هەروەک ئاماژەمان پێدا، رۆژئاواییەکان بە دەگمەن لەسەر هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە پێداگری دەکەن. بە مانایەکی تر بەجێگەی هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی بەستێنی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە(هۆکارەکان)، لەگەڵ بەرهۆ رووبەڕوو دەبنەوە. لە هەمان کاتدا لە بژاردەی سەربازی وەکوو باشترین رێگەچارە دەڕوانن. بابەتێک لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ناکارامەیی خۆی تاقی کردوەتەوە و بە جێگەی بەرگری و سنووردار کردن، بووەتە هۆی تەشەنەی زیاتری ئەم دیاردەیە.

**تیرۆریزمی ناوکی**

ئەگەر لە دوای خستنە بەر باسی ئەم پێشەکییە سەبارەت بە تیرۆریزم، بمانەوێت لە بەر رۆشنایی ئەم باسەدا، ئاوڕێک لە تەوەری سەرەکی ئەم وتارە، واتە تیرۆریزمی ناوکی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، دەتوانین بڵێین، هەر لە یەکەمین رۆژەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە، بە هۆی نادێموکراتیک بوونی رێژیم(دێموکراسی وەک یەکەمین دوژمنی تیرۆر) و داخستنی هەموو دەلاقەیەک بۆ وتوویژ و چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەکان، لە هەمان کاتدا کەڵەکەبوونی کێشە چارەسەر نەکراوەکان، رێژیم لە ئاستی ناوخۆدا پەنا دەباتە بەر تیرۆر و تۆقاندنی دژبەران و خەڵکی ئاسایی و لە هیچ جۆرە هەڵسوکەوتێکی توندئاژۆ و دژەمرۆیی وەک زیندانی کردنی نەیاران، بەردبارانکردنی ژنان، دانانی بۆمب، هێرش بۆ سەر ناوچە ئیتنیکییەکان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی دژبەران بەمەبەستی تۆقاندنی خەڵکی ئاسایی و... خۆی نەپاراستووە. لەمبارەوە گەلی کورد و بە تایبەت حیزبی دێموکرات، پشکی شێری بەرکەوتووە. بە هەمان شێوە لە ئاستی دەرەوەدا، تیرۆر و تۆقاندن دەبێتە گوتاری زاڵی ئەم رێژیمە. یەکەمین دەرکەوتەی ئەم دیاردە، لە هەڵکوتانە سەر نووسینگەی سەفارەتی ئەمریکا و بە بارمتەگرتنی کارمەندانی سەفارەت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، فەرمانی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە لە رێگەی توندوتیژییەوە، دانانی بۆمب لە تەیارە، رفاندن و کوشتنی دژبەران لە رۆژئاوا و وڵاتانی دراوسێ، دزین و دەسبەسەرداگرتنی گەمی و کەشتی وڵاتانی رۆژئاوایی لەم دواییانەدا و... دەگاتە لووتکە.

ئەگەرچی مێژووی تیرۆر لە رۆژئاوا ماوەیەکی کورت دەخایەنێت، بەڵام بەداخەوە خەڵکی ئێران بۆ ماوەی چل ساڵی رەبەقە، تووشی ئەم دێوەزمە هاتووە و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەلوپۆی دەهاوێت. هاوکات لە ئاستی دەرەوەدا چ بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەم دیاردە نگریسە بەردەوام تەشەنە دەستێنێت و بووەتە کێشەیەکی سەرەکی ناوچەیی و جیهانی، بابەتێک کە وڵاتانی زلهێزی جیهانی بۆ خۆیان لە سەرهەڵدان و گەشە کردنیدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە، واتە لە ئاکامی ساتوسەودای ئابووری هیچ جۆرە دژکردەوەیەکیان نەبووە.

ئەگەر رێژیمی ئیسلامی لە رابردوودا توانیویەتی تا ئەو رادە ئاژاوە و بشێویی بنێتەوە و ببێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایش و هێمنایەتی خەڵکی ئێران و هەموو وڵاتانی ناوچە، بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا، ئەو جۆرە کە شیمانە دەکرێت، ئەگەر رێژیمی دواکەوتوو و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ئەتۆمی رابگات، ئەگەری سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە تیرۆریزم لەژێر ناوی «تیرۆریزمی ناوکی» لەئارادایە، بابەتێک کە بەبەراورد لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی تیرۆریزم ئێجگار جیاوازە. بە هەمان شێوە دەرکەوتەکانی فرەڕەهەند و چاوەڕواننەکراوە و ئەگەری سەرهەڵدانی کارەسات و مەرگەساتی جیهانی لەئارادایە و بەکردەوە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر هەموو مرۆڤایەتی. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، دەبێ هەموو وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی لە هەلومەرجی ئێستادا بە هۆی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی، بە کردەوە پاڵپشتی و یارمەتی رێژیم ئەدەن، باجی قورسی ئەم کردەوە بدەنەوە، هەروەک چۆن ئەمریکاییەکان لە یازدەی سپتامبردا باجی پاڵپشتی ئەلقاعیدەیان داوە.




**چەمکی تیرۆر لە وشەی فەڕانسەوی(Terreur) وەرگیراوە و بە مانای هەست بە ترس و تۆقاندن هاتووە. دەستەواژەی تیرۆر بە رەچەڵەک بۆ شۆڕشی فەڕانسە دەگەڕێتەوە. لە زمانی فەڕانسەدا تیرۆر بە مانای خۆف و سام و تۆقاندن هاتووە. لە سیاسەتدا بە هەڵسوکەوتی توندئاژۆ و نایاسایی دەسەڵات دەگوترێت، کە بۆ سەرکوت و ترساندنی دژبەران بە کاری دەهێنێ، هەروەها هەڵسوکەوتی ئەو گرووپ و لایەنانە لەخۆ دەگرێ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی.**

# هەوڵە بێئەنجامە دیپلۆماسییەکان

محەممەد سلێمانی

هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ وڵاتانی ئۆرووپا و گەیشتنی بە شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ٧ وڵاتە پیشەسازییەکەی گێتی ناسراو بە جی ٧، ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە کە بە سوودی ڕێژیمی ئاخوندی بێت. ئامانجی سەردانی محەممەدجەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران زۆر ڕوونە و دەسەڵاتی ئێران لە مێژووی حوکمڕانیدا هەرگیز بە وێنەی ئەو ماوەیە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری فشارە سیاسی و ئابوورییە نێونەتەوەییەکان و تاران بە دوای دۆزینەوەی ڕێگایەکدا دەگەڕێت کە هەرنەبێت لە گەرووی هۆرمۆزدا دەروازە ئاوییەکانی لەژێر کۆنتڕۆڵ دەرنەیەت. چوونکە زۆر بە باشی سوودی لە دەروازە ئاوییەکان بینیووە و بە ڕێگای یاساغدا نەوتەکەی گەیاندۆتە دەستی کڕیارەکانی بە نرخێکی زۆر هەرزانتر. ئەمریکا زۆر بەژیری هەوڵی هەوسارکردنی ڕێژیمی ئێران دەدا و بەپێچەوانەی ڕاگەیاندنەکانی تاران کە بۆ دڵدانەوەی خۆیان و هاوبیرەکانیان پێیان وایە توانیویانە بە سەر قەیرانەکاندا زاڵ بن و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات بەرەو سەقامگیری زیاتر بەرن.

ئێران هەر کارێك دەکات بۆ ئەوەی گەمارۆکانی لە سەر وڵاتەکەی لابدات و سەردانی جەواد زەریفیش لەو پەیوەندییەدا خۆی دەبینێتەوە، هەرچەندە لەو سەردانەیدا بە دەستی بەتاڵ و بێدەسکەوت گەڕایەوە لای ڕێبەری نیزامی ئاخوندی و ڕاسپێردراوی فەرمی عەلی خامنەی کە سەردانیکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و گەیاندنی پەیامی وڵاتەکەیان کە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێ بە شێوەی گشتی فشار لە سەر ئەمریکا دروست بکەن بە لایەنگری لە پێشنیازەکانی حکوومەتی ئێران کە لانیکەم گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان لە لایەن ئەمریکاوە هێندێك سووکتر بکرێ لە سەر تاران!

سیاسەتی دووڕووی تاران بە تەواوی سەری لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تێکداوە، ڕۆژێك داوای دانووستان دەکەن و چەند کاتژمێر دواتر بە زمانی زبر و هەڕەشەکردن هەڵوێستی وڵاتەکەیان سەبارەت بە کۆی کێشە و خاڵە جێناکۆکەکان دەردەبڕن. بە گشتی حکوومەتی ئێران کە بە سەرچاوەی فیتنەی سیاسی و تێکدانی ئاسایشی ناوچەیی و گێتی دەناسرێت، لە بەرنامەیدا نییە بە ڕێگای ژیرانەدا ئەو هەموو بەڵایە لەسەر وڵاتەکەیان لابدەن. هەتا حکوومەتی تاران دەسەڵاتی زیاتر بێت، مەترسییەکانیش بەرچاوتر خۆیان دەنوێنن. زوو یان درەنگ ڕێژیمی ئاخوندی لە سەر دەسەڵات لادەدرێ و تەمەنی حوکمڕانیان بە تەواوی بەسەر چووە.

ئەگەر بە کورتی خوێندنەوەی ئەو جۆرە لە فەشەلی سیاسی ئێران بکەین، بە دڵنیاییەوە بەو ئاکامە دەگەین کە تاران نیازی سازان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نییە و هەوڵی بشێوی زیاتر لە سەر ئاستی ناوچەیی دەدات و هەر ئەو ڕۆژانە لە لوبنان بە ڕێگای حیزبوولای ئەو وڵاتەوە هێرشێکی خێرای مووشەکی کردە سەر ئیسرائیل.

یەکێك لە گرینگترین خاڵەکان کە وەك پێشنیازی فەرمی حکوومەتی ئاخوندی گەیەندراوەتە وڵاتانی پێشەسازی لە فەڕانسە ئەوەبوو کە ئیزن بە ئێران بدرێ نەوت بە ڕێگای فەرمیدا هەنارده بکا و جۆرێك متمانەی کڕیارەکان لە بازاڕە جیهانییەکاندا بە دەست بێنێتەوە. چوونکە هەراجکردنی نەوتی ئێران لە بازاڕەکانی کڕیاری نەوتی خاودا زیانی زۆر گەورە بە کەرتی ئابووری دەگەیەنێت و بەشێکی گرینگی سامانی ئێران بە هۆی

پێگە سەربازی و ئەمنیەکانی ئێران لە سووریە و عێراق و لوبنان هێندەی دیکە بارودۆخی حکوومەتی ئاخوندی لەگەڵ گیروگرفتی سیاسی پڕ لە مەترسی بەرەوڕوو کردۆتەووە.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووریی ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندی ئێران بکەین، دەبینین

ئەوە نییە کە بەخێرایی لە سەرئاستی باڵادا لەگەڵ حکوومەتی تاران بکەوێتە گفتووگۆی سیاسی، چوونکە ئەگەر ١٢ مەرجەکان وەك خۆی جیبەجێ نەکات، کۆشکی سپی ناتوانێت باوەڕ بە پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنی دوو وڵات بکا.

ئەگەر ئێرانیش ئەوە بکات، دەبێتە وڵاتێکی لاواز و بێدەسەڵات و لە

ترامپ، بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندی دەکات کە بە تەواوی لە پەلوپۆی بخات. ئەمریکا بە ڕێگای شەڕی سارددا تارانی بەتەواوی تەنگاو کردووە و ئەگەر هەتا دوێنی وڵاتە یەکگرتووەکان بە دڵخۆشییەوە ئامادەیی دانوستانیان لەگەڵ تاران دەردەبڕی، بێگومان ئێستا بە ڕێگای تردا خۆیان لەو باسە دەدزنەوە.

**ئێران ئەگەر نەتوانێت نەوتی خاو هەناردەی وڵاتانی کڕیاری نەوتی خۆی بکات، لە زۆر بواردا زیانی گەورەی بەردەکەوێت و بە سانایی ناتوانێت خۆی لە ژێر گوشاری ئابووریدا ڕابگرێ. ئەو وڵاتە بە هەناردەکردنی بەشێکی بەرچاو لە سامانی گشتی گەلانی ئێران بۆ ئەو گرویە تیرۆریستییانە کە بە گیڤی تاران لە ناوچەکەدا هەڵدەسووڕین و تاران لە کوێ بیهەوێت، ئاژاوەیان پێ ساز دەکات.**

سیاسەتی حکوومەتی دژی ئازادی و ملهۆڕی تاران بە هەدەر دەدرێت.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەرچەندە زۆر بە هێوری لەهەمبەر تاراندا دەجووڵێنەوە، بەڵام بە هۆی ڕیزەبڕیارێکی سیاسی و بازرگانی نوێ کە لە گەرووی هۆرمۆزدا دەستیان پێکردووە، ڕێژیمی ئاخوندی لەگەڵ کێشەی گەورەتر بەرەوڕوو کردۆتەوە.

کە ڕێککەوتنی واشنگتۆن و تاران هێندە ئاسان نییە و بگرە بە یەك یان چەندین کۆبوونەوەش ناتوانن لە سەر کۆی کێشەکان و چۆنیەتی ڕۆڵی تاران بە دوای پێکهاتندا بگەنە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە.

وەختێك کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و لەسەرەوەی هەمووشیاندا ئەمریکا و ئیسراییل و بەشێك لە وڵاتانی ناوچەیی،

بڕیاردانی سیاسیدا دەبێت پاشکۆیەتی سیاسی ئەمریکا بکا.

ئەو مەرجە بە دژوارترین خاڵی ناکۆکییەکانی ئەمریکا و ئێران دەرکەوتووە.

کاتێك سیاسەتی ڕۆژئاوا لەهەمبەر تاراندا بەو جۆرە بێت، ئیدی چۆن دەکرێت بگوترێ زەمینەی بەیەکگەیشتنی ئەو دوو وڵاتە لێك نزیك بۆتەوە.

ئەمریکا بەلایەوە گرینگە کە هاوپەیمانی مێژوویی، واتە ئیسرائیل لە بڕیار و هەڵوێستە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی ڕازی بێت.

بە یەك یان دوو کۆبوونەوەی لوتکەی ئەمریکا و ئێران ناتوانرێت کۆتایی بە کۆی کێشە و ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە بێت کە مێژووی ئاڵۆزییەکان ڕیشەی لە مێژینەی سیاسی و سەربازی



ئێران ئەگەر نەتوانێت نەوتی خاو هەناردەی وڵاتانی کڕیاری نەوتی خۆی بکات، لە زۆر بواردا زیانی گەورەی بەردەکەوێت و بە سانایی ناتوانێت خۆی لە ژێر گوشاری ئابووریدا ڕابگرێ.

ئەو وڵاتە بە هەناردەکردنی بەشێکی

ئێران بە ڕێژیمێکی مەترسیدار و جەڵەونەکراوی سیاسی و سەربازی پێناسە دەکەن و لەو بڕوایەدان کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاتێك هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکات و دوور دەبێت لە ئاژاوە و بشێوی کە

حکوومەتی فەڕانسە و سەرکۆماری ئەو وڵاتە لە پەراوێزی دیداری وڵاتانی جی ٧دا زۆر بە دەوری ترامپدا هات، بۆ ئەوەی دەرفەتی پێکەوە کۆبوونەوەی کۆشکی سپی و تاران بڕەخسێنێ.

سەرکۆماری ئەمریکا لە دەرکەوتنێکی

هەیە و لە زۆر بواری جۆراوجۆردا سیاسەت و هەڵوێستی بەتەواوی ناتەبا و دژبەیەکیان هەیە و هەر لایەك هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی بە ڕێگای پەراوێزخستنی لایەنی بەرانبەریدا فەرز بکات.

**ئەگەر گەرووی هۆرمۆز بە رووی ئێراندا دابخرێ، ئیدی ئەو وڵاتە ڕێگای هەناردەی نەوتەکەی بە تەواوی کۆنتڕۆڵ دەکرێ و ئەو هێزە نوێیە ئیسرائیل تێیدا بەشدار دەبێت بێگومان لە بەرژەوەندی تاراندا نابێت.**

بەرچاو لە سامانی گشتی گەلانی ئێران بۆ ئەو گروپە تیرۆریستییانە کە بە گیڤی تاران لە ناوچەکەدا هەڵدەسووڕین و تاران لە کوێ بیهەوێت، ئاژاوەیان پێ ساز دەکات.

حکوومەتی تاران لە سەر دەسەڵات لادرابێت. نارەزایەتییەکان و بێزاری گەلانی وڵات هەتا دێ زیاتر دەردەکەوێ و خەڵك ئازادی و ژیانی دەوێت کە بەداخەوە لە سێبەری ئەو حکوومەتەدا

ڕۆژنامەوانیدا کە لە فەڕانسە بۆی پێك هات، بە ڕاشکاوی لە وڵامی پرسیارێکدا کە ئایا لەگەڵ حکوومەتی تاران کۆدەبێتەوە گووتی: «هێشتا زۆر زوویە لەگەڵ ئێراندا کۆبێتەوە» ! مانای ئەو

ئێران هەوڵی زۆر دەدات هەر نەبێت وڵاتانی ئۆرووپایی لە ڕێککەوتنی ناوکی نەچنە دەرێ و ئەمریکاش بە ڕێگای فشاری ئەواندا ڕێز لە ڕێککەوتنی ناوکی بگرێ.

**ئامانج لە جووڵە دیپلۆماسییە خێراکانی تاران لە سەر ئاستی گێتیدا، ئەوەیە کە بە ڕێگای کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمریکادا، پێش بە زیاتربوونی مەترسییەکانی سەر وڵاتەکەیان بگرن. بەڵام هەڵوێستی ناجێگیری سیاسی ئێران سەبارەت بە کۆی قەیران و ئاڵۆزییەکان سەری لە هەموو لایەک شێواندووە و بە دژواری لە بڕیاری سیاسی ئەو وڵاتە تێدەگەن کە ئاشتی دەوێ یان شەڕ!**

ئێران هەر لە ڕووی ئابوورییەوە لە ژێر فشاردا نیە، بەڵکوو چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر

هیچکام لەو دەسکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی بۆ دابین نەکراوە.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئێستادا

قسەیە زۆر ڕوونە و بە هۆی پێکهاتنی کۆدەنگی نێونەتەوەیی بەدژی سیاسەتی سەرەڕۆیانەی تاران و سواربوونی داشی

دیارە فشارەکانی سەر تاران ئەوەندە کاریگەرن کە زەریف گەریدەی سیاسی ئەو وڵاتە بێ ڕەچاوکردنی ڕێوشوێن و

ئەتیکێتی دیپلۆماسی خۆی بگەیەنێتە ئەو شارەی لە فەرانسە کۆبوونەوەی وڵاتانی پێشەسازی لێ بەرێوە چووە.

دیداری شالیاری دەرەوەی ئێران بەتەنیا لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی فەڕانسە بووە و بۆی نەلواوە لە گەڵ ئەمریکاییەکاندا کۆببێتەوە.

چوونکە سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر ئێراندا هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە و بەدوای دۆزینەوەی جێگرەوەی تریدان کە تێیدا دەرفەت بە گەلانی وڵات بدرێ، وێڕای فشارەکانی کۆشکی سپی لە لادانی حکوومەتی ئاخوندی دەوریان بگێڕن.

ترامپ بە ڕوونی لە دیدارە ڕۆژنامەوانییەکەیدا گووتی: «جارێ هێشتا زوویە لە گەڵ ئێراندا کۆبێتەوە و بیان بینێت» ئەو قسەیە بێگومان لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ؛ بەومانایە کە ئەگەر ئێران کۆی مەرجەکانی کۆشکی سپی قبووڵ نەکات، ئەو وڵاتە ناتوانێت لە گەڵیاندا بکەوێتە گفتووگۆی سیاسی.

پاشان بێ باوەڕی بە تاران گەیشتۆتە لوتکە و ناکرێ بە هیچ جۆرێك پشت بە قەول و بەڵێنەکانی تاران ببەستن.

ئێران لە ئێستادا بە تەواوی کەوتۆتە ژێر گوشار و ئیسرائیل لە عێراق و سووریە و لوبناندا هێزەکانی دەکاتە ئامانج و بەشێك لە سەکۆ مووشەکییەکانی لەنێو بردوون.

دەست ئاواڵە بوونی ئیسرائیل بۆ لێدانی ئامانجە سەربازییەکانی ئێران، تارانی بەتەواوی نیگەران و هەراسان کردووە و ئەو وڵاتە لە مەترسی ئەو ڕووداوە تێگەیشتووە کە خۆیان بێدەنگ بکەن و هەڵوێستی نابەجێ نەگرن.

قسەکانی قاسم سلێمانی بێدەسەڵاتی ئەو وڵاتەی زیاتر سەلماندووە و ئەگەر ئەوەندە خۆیان بە بەهێز دەزانن ئەی چۆنە هەتا ئەمڕۆش بوێری وڵامدانەوەیان نەبووە و بڕیاری شەڕیان نەداوە.

ئێران لەو بارگرژییەی بۆی پێکهاتووە دەستی بەکڵاوی گرتووە با نەیبات و بارودۆخەکەیان لە دەستی دەرنەچێت. ئەمریکاش لانیکەم لە ئێستادا ئەو ئامادەییەی نییە کە لەگەڵ ئێراندا کۆببێتەوە، چوونکە ڕووداوە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانیش زیاتر لە بەرژەوەندی ئەمریکادان و ئێران بەتەواوی تەریك و پەراوێز خراوە و پێکهاتنی هێزی دەریایی هاوبەش هێندەی دیکە ئێران گەمارۆ دەدات.

ئامانج لە جووڵە دیپلۆماسییە خێراکانی تاران لە سەر ئاستی گێتیدا، ئەوەیە کە بە ڕێگای کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمریکادا، پێش بە زیاتربوونی مەترسییەکانی سەر وڵاتەکەیان بگرن.

بەڵام هەڵوێستی ناجێگیری سیاسی ئێران سەبارەت بە کۆی قەیران و ئاڵۆزییەکان سەری لە هەموو لایەك شێواندووە و بە دژواری لە بڕیاری سیاسی ئەو وڵاتە تێدەگەن کە ئاشتی دەوێ یان شەڕ!

ئەگەر گەرووی هۆرمۆز بە رووی ئێراندا دابخرێ، ئیدی ئەو وڵاتە ڕێگای هەناردەی نەوتەکەی بە تەواوی کۆنتڕۆڵ دەکرێ و ئەو هێزە نوێیە ئیسرائیل تێیدا بەشدار دەبێت بێگومان لە بەرژەوەندی تاراندا نابێت.

ئێران دەڵێت دژی ئیسرائیل پاڵپشتی عێراق دەکا، بێ خەبەر لەوەی تەلەبی بوێرانە شەڕی بە دژی ئێران ڕاگەیاندووە و بەکردار لە سووریە و عێراق هێرش دەکاتە سەر سپای قودسی ئێران.

# هونەرمەندێکی نامۆی نەتەوەیی

هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە / هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە

هونەر بوارێکی بەربڵاوە کە لەلایەن هونەرمەندگەلێکی خاوەن بەهرەوە دەخوڵقێت و زۆر جار سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا چێژی لێوەردەگرن، هونەر لە ڕووی شێکارییەوە بەسەر چەند لقوپۆی جیاوازدا دابەش کراوە و گەورە هونەرمەندان و کەسایەتییە بەناوبانگە جیهانییەکانی بواری هونەر پێناسە و شرۆڤەگەلێکی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگیان بۆی کردووە، بەڵام ئەگەر ئێمە پێناسەیەکی سادە و ساکار لە هونەر و هونەرمەند بکەین، دەتوانین بڵێین کە هونەر چەمکێکی فرەڕەهەندە و بە سەرجەم لقوپۆ و ڕەهەندەکانییەوە بەو بەرهەم و چالاکییانەی دەوترێ کە لەلایەن کەس یان کەسانێکی دیاریکراو کە تابلۆگەلێکی پڕناوەڕۆک و پەیامدار دەخوڵقێنن، هەروەها هونەرمەند کەسێکە کە بە بیرۆکەیەکی جیاواز لە خەڵکی ئاسایی، هەستێکی ناسک و خەیاڵێکی پڕسۆزەوە جوانییەکانی سروشت و ڕووداوە تاڵ و شیرینەکانی کۆمەڵگا تێکەڵ بە سۆز و هەستی خۆی دەکات و جیا لەوەی کە کولتوور و دابونەریتی نەتەوەکەی زیندوو ڕادەگرێت، هاوکات لە ڕێگای هونەرەوە پەیامی خۆی بە کۆمەڵگا دەگەنێت؛ هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بەڕاستی هونەر دەکاتە ئامرازێکی چێژبەخش لە پێناو خزمەتکردن بە کۆمەڵگای نەتەوەکەی و هونەرەکەی بە فێڵ و هەوڵە فریوکارانەکانی دوژمنانی گەل و نەتەوەکەی هەرزانفرۆش ناکات و هونەر دەخاتە خزمەت پاراستنی کولتوور و دابونەریتی نەتەوەیی گەلەکەیەوە.

وێڕای ئەوەی کە هونەر سەرجەم سنوورە جوگرافیاییەکانی بڕیوە و زۆر جاریش باس لەوە دەکرێت کە سنووری نەتەوەکانیشی تێپەڕاندووە، بەڵام لە هونەری هەر نەتەوەیەکدا ڕەنگدانەوەی کولتوور و دابونەریتی ئەو نەتەوەیەی تێدا دەبیندرێت و ئەمەش تا ڕادەیەک جیاوازی هونەر لە نەتەوە جیاوازەکانی جیهان دەردەخات. نەتەوەی کورد وەکوو گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا سەدان ساڵە لەلایەن ناحەزانییەوە دەکەوێتە بەر پەلامار شۆڤێنیستی و نەیارانی بەردەوام هەوڵی ئاسمیلەکردن، تواندنەوە، لەنێوبردنی کولتوور و هونەرەکەی دەدەن، بەڵام بەپێچەوانەی ویستی ئەوان نەتەنیا نەیانتوانیوە و سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکوو هونەری گەلی کورد بە هۆکاری خزمەتی بێوچان و ماندوونەناسانەی کەسایەتی و هونەرمەندگەلێکی بەتوانا و خاوەن بەهرەوە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرەی سەندووە و بە یەکێک لە هونەرە بەهێز وبەپێزەکانی جیهان ئەژمار دەکرێت؛ ئەمەش لە لایەن ڕێکخراوی «یونێسکۆ»وە بە فەرمی دانی پێدا نراوە. یەکێک لەو گەورە هونەرمەندانەی نەتەوەکەمان کە لەم وتارەدا باسی لێوە دەکرێت و تیشک دەخرێتە هونەرەکەی و ژیانی پڕ هەوراز و نشێوی، هونەرمەندی بەتوانا، خاوەن بەهرە و کەسایەتیی ون و نامۆی نەتەوەیی، خوالێخۆشبوو فاتێح مەردۆخی، ژەنیاری پیانۆ، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی کوردە. لێرەدا کە دەوترێت کەسایەتییەکی ون و نامۆی نەتەوەیی، واتە هونەرمەندێک کە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی مانەوەی هونەری کوردی ئەژمار دەکرێت و بە هۆکاری هەژاری، نەداری، سەربەرزانە ژیان و ملکەچنەبوونی بۆ ڕێژیمی دەسەڵاتداری مەلاکانی تاران، هەروەها دەستەنگی و نەبوونی تێچوو و تێچووی پێویست بۆ زیاتر ناساندنی بەرهەمەکانی، هەرچەندە شوێنپەنجەی لە هونەری کوردیدا دیار و بەرچاوە، بەڵام تا ڕادەیەکیش بە نامۆیی مایەوە و بەداخەوە هیچکەس و لایەنێکیش ئاوڕیان لێ نەدایەوە. هونەرمەند فاتێح مەردۆخی، ژەنیاری پیانۆ (پیانیست)، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی کورد، ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی، لە گوندی «گلیاز»ی سەربە شاری کامیاران لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەدایک بووە؛ قوناغەکانی تەمەنی منداڵی، مێرمنداڵی، لاویەتی و بەساڵاچوویی لە گوندی گلیان و شارەکانی کامیاران و سنە، لە بنەماڵەیەکی ناوەندی و تا ڕادەیەکیش هەژاردا تێپەڕاندووە، کە لە ژیانیدا بە بەهرەی هونەریی خۆیدا ٣٢ پارچە ئاواز و ئاهەنگی داناوە کە ٧ پارچەیان تایبەت بە ئامێری پیانۆیە. ژیانی ئەم هونەرمەندە کوردە، وەکوو زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی تری کورد پڕە لە نەهامەتی، دەستەنگی، هەژاری، نەداری و بێدەرەتانیی ژیان و زۆرتری تەمەنیشی بە کرێکاری و هەژارییەوە بووە و لەم ساڵانەی دواییشدا بە خاوێنکردنەوە و بۆیاخکردنی پێڵاوی خەڵک لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شاری سنەدا ژیانی تێپەڕاند تاکوو ملکەچی دەستی کەسانێکی هەلپەرەست و بەتایبەتی ڕێژیمی داگیرکەر و هونەرکوژی ئێران نەبێت و سەربەرزانە ژیان تێپەڕێنێت. مامۆستا فاتێح مەردۆخی، سەرەڕای ئەوەیکە هەست و سۆز و کولتووری نەتەوەیی تێکەڵ بە هونەر و بەتایبەتی کولتوورێکی کوردانەی بە بەرەی مۆسیقا و ئامێری پیانۆدا کردبوو، نەتەنیا ناوەندە بەناو هونەرییەکانی ڕێژیم لە شاری سنە هیچ ئاوڕێکیان لەو هونەرمەندە کوردە نەدایەوە، بەڵکوو هەردەم زیاتر و زیاتر لە پەراوێزیان دەخست، بەپێی قسەی بەرپرسی ناوەندی فەرهەنگ و ئیرشادی ڕێژیم لە شاری سنە کە دەڵێت یەکەمجار لە هونەرستانی (پەیمانگا) حەسەن کامکار لەو شارەدا بینیوەتی و پاشان زیاتر لە دوو ساڵ لە تەنیشت دیوی کارەکەیەوە بووە و گوێی لە مۆسیقا و دەنگی پیانۆوەکەی بووە، پێدەچێت کاک فاتێحی هونەرمەند سەردەمانێک لەو پەیمانگایەدا کارە هونەرییەکانی پەرە پێ دابێت و لاوانی خوازیاری هونەر و بەتایبەت ئامێری پیانۆشی فێر کردبێت، بەڵام دواتر کاتێک هەستی بەوە کرد کە ڕێژیمی سەرەڕۆی دەسەڵاتداری ئێران دەیهەوێت لە هەژاری و بێدەرەتانی و دەستەنگی ناوبراو کەڵکئاوەژوو وەربگرێت و هونەرەکەی مەترسی ئەوەی لەسەر دەبێت کە ڕێژیم بیخاتە چوارچێوەی بەرژەوەندی و بانگەشە بێنەماکانی خۆیەوە، لە سەرجەم ناوەند و شوێنە هونەرییە حکوومەتییەکانی ڕێژیم و میدیا و سەرجەم ئەو کۆڕوکۆبوونەوانەی کە تەنانەت زەڕەیەکیش بۆن و گومانی ئەوەی لەسەر بێت کە لە لایەن ڕێژیم و ناوەندەکانییەوە ڕێک خرابێتن، دووری گرت و لە ژێر پردی «مەردۆخید»ی شاری سنەدا قەفەسەیەکی چووکە دادەنێت و ژیان دەباتە سەر و دەستە هونەرییەکانی لە کیبۆردی سەر پیانۆکەیەوە هەڵدەگرێت و فڵچەیەک و بۆیاخێک دەکڕێت و دەستی کردووە بە بۆیاخکردنی پێڵاوی خەڵکی و باری منەت و زۆرەملێی قبووڵ نەکردووە؛ ژیانێکی سەربەرزانەی هەڵبژاردووە، سەرەڕای ئەوەش ناوەندە فۆرماڵیتەکانی داگیرکەران لەو شارەدا وازیان لێنەهێناوە و لەوێش دەربەدەریان کردووە و ناچار دەبێت تەمەنی بەساڵاچوویی و دواساڵەکانی ژیانی لەنێو پارک، باخچە و شەقام و کۆڵانەکانی شاری سنە هاوکات لەگەڵ کارەکەیدا بەسەر بەرێت، بەڵام بەو حاڵەشەوە تا دواساتەکانی ژیانی هەر بەرانبەر بە ویست و داواکارییەکانی دوژمنانی نەتەوەکەی کۆڵی نەدا و سەربەرزانە ژیا.

کاک فاتێحی هونەرمەند، لەم ساڵانەی دواییدا نەخۆشی دەبێتە میوانێکی نەخوازراوی و دەست لە یەخەی بەرنادات و بەو هۆکارەشەوە بەردەوام لە نەخۆشخانەکانی شاری سنەدا دەبێت، تاکوو ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ٢٧١٩ی کوردی، بەداخەوە لە نەخۆشخانەی «تەوحید»ی شاری سنە، دڵە پڕ لە هەست و سۆزەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی یەکجارەکی لە هونەر و کۆڕی هونەرمەندان و نیشتمانەکەی کرد و لە گوندی گلیان و هەمان شوێنی لەدایکبوونی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردرا، بەڵام لێرەشدا ئەوەی کە جێگای داخە، ئەوەیە کە بەبێ بوونی هونەرمەندان و ڕێوڕەسمێکی تایبەت کە شیاوی ئەو هونەرمەندە گەورە نیشتمانڕۆستە بێت بە خاک سپێردرا.

لە کۆتاییشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە مامۆستا فاتێح نموونەیەک لە هونەرمەندێکی نەتەوەیی بوو کە ژیانی سەرشەقامی هەڵبژارد تاکوو چاوەڕێی دەستی هیچ کەس و لایەن و ناوەندێکی حکوومەتیی ڕێژیم نەبێت و هێندە خۆشەویستی نیشتمان لە دڵە پاکەکەیدا بووە کە، باس لەوە دەکرێت کاتێک شەوان لە پارک و باخچە و شەقامەکانی شاری سنەدا ڕۆژی کردووەتەوە، لە کاتی پشودانیشیدا دەستی کردووە بە پاک و خاوێنکردنەوەی ئەو شوێنانە بۆ ئەوەی کە کەسێکی بیانی ڕوو لە نیشتمانەکەی دەکات، کولتوور و هێمای ڕاستەقینەی نەتەوەکەی بە میوانەکانی نیشتمانەکەی و بەتایبەتی داگیرکەرانیش بسەلمێنێت.

ن: کاروان مێراوی

## قەڵەمەکان وەک یەک ناژین !

لەم قەفەسی هەناسەدا
قەڵەم هەیە، باڵ ئەبەخشێ بە باوەڕ و
هاوار ئەدا بە بێدەنگی و
شەبەق دەخاتە تاریکی و
بیر دەچێنێت، لە بەردینە مێشکی
زەمەن
قەڵەمەکان وەک یەک ناژین
لەم قەفەسی مەراقەدا
قەڵەم زۆر هەن،
وەک هەرزەگیان بێمووری .
کەناری جۆباری دەرفەتن
بۆ سەرکەوتن، قاچی داران
ڕادەمووسن!
بە ئاوی بۆنداری دەسەڵات دەژین و
بە ڕەنگی ئەوانیش دەنووسن!
گۆرانیەکان وەک یەک ناژین
ئاواز هەیە، لە گەڵ ورتەکانی دڵدا
لە گەڕیانی نەوەستانی خوێندا
لە ناو تین و ڕازەکانی هەناسەمان،
دەنگی ژیان دەزەنگێنن
هونەرەکان وەک یەک ناژین
هونەرمەند هەن،
لە گەنداوی بۆنەکانی دەسەڵاتا نەبێ
ناژین!
ئاوازبەر هەن، بازرگانی مەرگی جوانین!
لە خرمەی پێی بارانەوە بگرە،
تا بێدەنگی سەمای بەفر و
سرتەی کانی و قاقای کەو و
سروودی با و سەما و چۆپی چنارستان
...
ڕاز و جوانیم تاڵان دەکەن
هونەرفرۆش، دزەکۆشکی جوانیەکانە
بۆ شاباشی بەرپێی داڵاشی بێگانە...!
قەڵەمەکان، هونەرەکان،
وەک یەک ناژین، بۆ یەک نامۆن!
تەنیا خوداکانی مەرگن،
وەک یەک دێن و وەک یەک
دەڕۆن...!

ڕەحیم لوقمانی

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:757 · 6 September 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# سووتانی زاگرۆس، سووتانی ژیانە



دارستانی ئاوایی باخان



دارستانی ئاوایی سەردۆش دۆڵەبی



دارستانی ئاوایی کۆڵیت



سووتانی دارستانەکانیسەرکەل، خێرئاوا، وەسنە



وڵانەی قەڵاجێ



دارستانەکانی دۆڵەبی









دارستانەکانی ئیلام



دارستانەکانی کۆڵیت، وشکەڵان



دارستانەکانی کانی گوێزی مەریوان و ئاگرپرەشەدێ



دارستانی ئاوایی نژمار







گوندەکانی هەڵێزاوا و پیرخێران و لاوێسان